# ڕەنگدانەوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە بنیاتی دەقە شیعرییەکانی (دڵدار)دا

**پ.ی.د.عطا رشید حسین[1]، پ.ی.د.عباس صالح عبدالله[1]**

١ زانكۆی سلێمانی،كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی كوردی

atta Husain@univsul.edu.iq abas abdulla@univsul.edu.iq

---

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٠ پ.ی.د.عطا رشید حسین، پ.ی.د.عباس صالح عبدالله

## ملخص البحث

إنعكاس الفنون البلاغية فى بنية النصوص الشعرية لـ(دڵدار) ، عنوان هذا البحث.

الجدير بالذكر،يعتبر فنون البلاغة الركن المهم لدى الشـــاعر حين تعامله مع النص الشــعري. لقد خطى البلاغة في الادب الكردي خلال الزمن الماضي خطوات عديدة. تتكون هذا البحث من مقدمة وقسمين مع النتائج وقائمة المصادر.

خصـصـنا القسـم الاول للمفهوم وتعريف فنون البلاغة، بينما خصـصـنا وركزنا بالدرجة الاولى على علم البيان والبديع والمعاني. والقسم الثاني خصصنا لتحليل النصوص الشعرية لدى الشاعر حسب الفنون البلاغية بصورة عميقة.

## Abstract

The Reflection of Rhetorical Arts in the Structure of Dildar`s Poems.

The title of this study is the analysis of poetical texts by the poet Dildar from the perspective of rhetorical arts.

Rhetorical arts are considered pivotal with Dildar especially when it comes to dealing with poetic texts considering that rhetorics in Kurdish literature has taken long strides forward in the past few decades.

The study consists of an introduction ,two parts as well as results and reference list. The first chapter deals with the concept and definitions of rhetorical arts focusing mainly on eloquence , style and meaning.

The second part, however, is intended to analyze thoroughly the poet`s poetic texts from the standpoint of the rhetorical arts.




***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**پێشەکی:**

وەك ئاشــکرایە،هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەهەر(٣) هونەرە ســەرەکییەکەیەوە (ڕوونبێژی ، جوانکاری ، واتاناســی) پێداویستییەکی گرنگی نێو بنیاتی دەقی شیعریین و شاعیران بەدرێژایی مێژوو هەوڵیانداوە، کەم تا زۆر سوود لەو هونەرە ڕەوانبێژیانە وەربگرن ولە بنیاتی دەقە شــیعرییەکانیاندا ڕەنگی پێبدەنەوە و بەهۆیشــیەوە گەلێك وێنەی هونەری جوان و سەرنجڕاکێش بنیات بنێن، تا بەهۆیەوە بتوانن کاریگەری لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر بەلای دەقە شیعرییەکانیاندا ڕابکێشن و لەهەمانکاتیشدا توانا و سەلیقەی شیعریی خۆشیان بخەنە ڕوو.

بەدیوێکی تردا دەکرێ بڵێین،هەرهونەرێکی ڕەوانبێژی وەکو خەسڵەتی تایبەتی خۆی ڕوو لەگۆشە و تەوەرێکی نێو جیهانی شیعر دەکات و بەهۆیەوە جوانی و ناشرینی، بەرزی و نزمی ،... ئەو دەقە شیعرییەش بۆ شاعیر ئاشکرا دەبێ، تا بەهۆیەوە بتوانێ بەها و پایەی دەقەکەی بزانێ. هەروەها خستنەڕووی بەهای ڕاستەقینەی ئەو دەقە شیعرییەش بۆ بەردەمی خوێنەران.

بێگومان،هەموو ئەمانەش ڕۆڵ و گرنگی هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەخەنەڕوو، کە دەبێ دەربڕینەکانی شیعر ڕەوان و کاریگەر و جوان بن و لەگەڵ بارودۆخی گوێگر و پێکهاتەی ســـستەمی ئاخاوتنیشــدا بگونجێت، بۆئەوەی هەست و سۆزی خوێنەر بوروژێنێ و بەناوەرۆکی دەقە شیعرییەکەی ڕازی بکات. لەڕاستیدا، هەموو ئەمانەش بەهۆی هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەی گونجاو و داڕشتنی پتەوی ڕستە و شێوازی ڕێکخستنی ئاخاوتنەکە دێتەدی.ئەمە جگەلەوەی بەهۆی جوان و دروست بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە، شاعیران دەتوانن هاوسەنگی لەنێوان ڕووخسار و ناوەرۆکدا ڕابگرن.

لەوچوارچێوەیەدا و بەهەڵدانەوەی سەرجەم ئەلبومە شیعرییەکەی (دڵدار) ی شاعیری ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە شاعیر لەماوەی تەمەنی شاعیرێتیدا و لەدووتوێی بنیاتی دەقە شیعرییەکانییەوە توانیویەتی هونەرمەندانە بەپێی توانا سوود لە هەر سێ هونەرەکەی ڕەوانبێژی وەربگرێت و کۆمەڵێك دەقی شیعریی ناسك و سەرنجڕاکێش و پڕ واتا لەڕووی ڕووخسار و ناوەرۆکەوە پێشکەش بە خوێنەری کورد بکات و بەوەش جۆرێك لە زیندووێتی بەخشیوە بەدەقە شیعرییەکانی. هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە بەهۆی ئاوڕدانەوەمان لە ڕەنگدانەوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە بنیاتی دەقە شیعرییەکانی شاعیردا تیشکێك بخەینەسەر لایەنێکی جیهانە شیعرییەکەی شاعیر و جۆر و شێوەکانی ئەو هونەرە ڕەوانبێژیانە، کە خۆیان لەدووتوێی هەریەکە لە:- (لێکچواندن، خوازە، تێهەڵکێش، ڕەنگامە، پێچ و پەخش ، ڕوولەوکردن، درێژبڕی، خەبەر و ئینشا... تد) دا دەبیننەوە و لە بنیاتی گەلێك لە دەقەشیعرییەکانی شاعیردا ڕەنگیان داوەتەوە، بخەینەڕوو.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

وەك ئەوەی ئێمە درکمان پێکردبێ ، تا ئێستا بەشێوەیەکی ورد و زانستیانە و وەك پێویست توێژینەوە لەسەر ڕەنگدانەوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لەشــیعری (دڵدار) دا نەکراوە و بەوەش لایەنێکی گەورەی شــیعری شــاعیر بەشــاراوەیی ماوەتەوە.هەروەها خولیا و ئارەزوومەندانەی خۆشــمان لەلایەك بۆهونەرەکانی ڕەوانبێژی و لەلایەکی تریشەوە بۆ دەقە شیعرییەکانی شاعیر، بڕوا و متمانەی پێدایین، کە زیاتر لە سۆنگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە جۆرە مامەڵەیەکی زانســتیانە و هاوچەرخانە لەگەڵ دەقە شــیعرییەکانی (دڵدار) دا بکەین و بچینە نێو لایەنێکی شــاراوەی



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئەلبومە شیعرییە کەیەوە،کە شاعیر بەهۆی سوود وەرگرتن لەو هونەرە ڕەوانبێژیانەوە گەلێك دەقی شیعری جوان و وێنەی ڕەوانبێژی لە بنیاتی دەقە شیعرییەکانیدا بەرهەم هێناوە.

**سنوری توێژینەوەکە :**

ئەم توێژینەوەیە لەسنوری هەرسێ هونەرەکەی ڕەوانبێژی (ڕوونبێژی ، جوانکاری ، واتاناسی ) دەسوڕێتەوە،کە شاعیر بەپێی توانا سوودی لێوەرگرتوون و لەبنیاتی دەقە شیعرییەکانیدا ڕەنگی پێداونەتەوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە :**

ڕێبازی توێژینەوەکە، ڕێبازێکی ڕەخنەیی شیکارییە و هونەرەکانی ڕەوانبێژی کردۆتە پێوەر بۆ بەرەو پێشبردنی شیکاری دەقە شیعرییەکانی شاعیر.

**گیروگرفتی توێژینەوەکە :**

وەك ئاشکرایە، نووسینی هەر توێژینەوەیەك،کە لەسەر بنەمایەکی زانستی بنیات دەنرێت کارێکی هەروا ئاسان نییە و بێ بەش نابێت لە گیروگرفت، بەڵام ئەوەی زەحمەت بوو بۆ کاری توێژینەوەکە ، ئەوەبوو ئەم بابەتە لەبواری ڕەخنە و ئەدەبی کوردیدا شتێکی نوێیە و وەك پێویست لەلایەن نووسەر و ڕەخنەگرانەوە قسە و باسی لەسەر نەکراوە،یان ڕەنگە زۆرکەم قسەوباسی لەسەرکرابێ٠هەروەها کەمی سەرچاوەی ڕەوانبێژیش لە زمانی کوردیدا.

**بنیاتی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. بەشی یەکەم زیاتر خستنەڕووی هەموو ئەو هونەرە ڕەوانبێژیانەیە، کە لە بنیاتی ئەلبومە شیعرییەکەی (دڵدار) دا بوونیان هەیەو ڕەنگیان داوەتەوە ، وەکو :- (لێکچواندن، خوازە)، کە سەربە هونەری (ڕوونبێژی) ن ، (تێهەڵکێش ، ڕەنگامە، پێچ و پەخش، تیل نیشان، ڕووڵەوکردن)، کە سەر بەهونەری (جوانکاری) ن، (خەبەر ، ئینشا، درێژبڕی) ، کە سەر بەهونەری (واتاناسی) ن بەشێوەی تیۆری.

هەروەها هەرچی بەشی دووەمیشە خۆی لە دووتوێی شیکردنەوە وخستنەڕووی هەموو ئەوهونەرە ڕەوانبێژیانەدا دەبینێتەوە،کە بەشێوەی پراکتیکی لەنێو بنیاتی دەقە شیعرییەکاندا بەشدارن. لەکۆتاییشدا بەچەند خاڵێك هەموو ئەو ئەنجامانە دەست نیشانکراون، کە لە دووتوێی توێژینەوەکەدا بەدەست هاتوون. هەروەها خستنەڕووی هەموو ئەو سەرچاوانەشی،کە لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتوون و ڕیزکردنیشیان بەپێی ڕیزبەندی سستەمی ئەلف و بێ دواتریش پوختەیەکی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی خراوەتە ڕوو.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## بەشی یەکەم

## چەمك و پێناسەی هونەری ڕەوانبێژی

هەر زانسـت و هونەرێك خاوەن پێگەو چوارچێوەی گشـتی و واتای دیاریکراوی خۆیەتی ، لەو چوارچێوەیەشـدا بەهەمان شێوە بابەتی ڕەوانبێژی ، وەکو هونەر و زانستێکی سەربەخۆ خاوەن چوارچێوەیەکی گشتی خۆیەتی و هەر لە سـەرەتای سـەرهەڵدانیەوە ، تا ئەمرۆ سـەرنجی شـاعیرن و نووسـەرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشـاوە و وەکو کەرەسـەو بابەتێکی گرنگی زیندوو شـاعیران و نوسـەران بۆ جوان کردن و بە پێز کردنی بنیاتی دەقەکانیان پەنایان بۆ بردووە و بە پێی پێویست بەکاریان هێناوە.

بۆیە دەبینین هەر ئەمەشـە وایکردووە کە بابەتی ڕەوانبێژی ڕۆڵ و بەهایەکی گرنگی هەبێت چ لە ژیانی ڕۆژانەدا و چ لە بواری دەقی ئەدەبیدا لەو ڕووەشـەوە و بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی زانسـتی ڕەوانبێژی لە جیهانـدا ئەوەمـان بۆ دەردەکەوێت کە وەکو زۆربەی زانسـت و هونەرەکانی دیکە سـەرەتـاو (( یەکەمجـار ، وەك زۆربەی زانسـتەکانی تر لای یۆنانیەکان سـەری هەڵداوە ، ئینجا لای ڕۆمانەکان پەرەی سـەند و عەرەبیش بایەخی تایبەتیان پێداوە و بە پێی ڕێبازی جیاجیا وە کەوتنە سـەر لێکۆڵینەوەی ڕەوانبێژی ، بەڵام کورد زۆر بە درەنگەوە ئاشـنایەتی لەگەڵ ئەم زانستە پەیدا کرد )) (مستەفا ،٢٠٠٣،٢٥)

بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا لە جوانیەکانی هونەری ڕەوانبێژی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ، کە (( دەبێت قسـە ڕەوان و کاریگەرو جوان بێ و لەگەڵ بارودۆخی گوێگر و هەڵوێستی ئاخاوتندا بگونجێت ، بۆ ئەوەی هەست و سۆزی خوێنەر بووروژێنێت و قەناعەتی پێ بە ناوەڕۆکی ئاخاوتنەکە بێنی)) (گەردی ، ٢٠٠٢ ، ٦)

نووسـەران و شـاعیران دەیانەوێت لە ڕێی بەکار هێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژیەوە بەرگێکی جوان بکەن بەبەر دەقەکانیاندا ، هەروەها دەیانەوێت کار ئاسـانی بکەن بۆ تێگەیشـتنی خوێنەر بەشـێوەیەك لە جوانی و گرنگی دەقە ئەدەبیەکە تێبگەن و حەز و ئارەزووی زیاتر بەلادا ڕابکێشێت و چێژی ئەدەبیان لەلا درووست بکەن.بۆ هەموو ئەوانەش دەبێت خاوەن بەرهەم بە ووردی بە سەلیقەوە بە دوای (( وشەی لەبار و داڕشتنی پتەوی ڕستەو ڕێکخستنی ژیربێژی)) دا (گەردی ، ٢٠٠٢، ٦ ) بگەڕێ بۆ ئەوەی کاریگەری زیاتر لەسەر خوێنەر و گوێگر درووست بکات.

بە واتایەکی دیکە ، دەکرێت ڕۆڵ و گرنگی چەمکی هونەری ڕەوانبێژی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە شێوازی ئاخاوتن و ژانرە ئەدەبیەکانەوە هەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە (( ڕوو لە سوچێك لە سووچەکانی ئەدەب دەکات واتە ڕوو لە قسـە بەهەردوو چەشـنەکەیەوە-هۆنراوە و پەخشـان ئەکات ، کە پلەی تێگەیشـتنیان تێدا هەبێت ))(گەردی ، ٢٠٠٢، ٦) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هونەری ڕەوانبێژی هەر وشە ڕیزکردن و قسە فڕێدان نییە، بەڵکو هونەرێکە پێویستی بە وردبینی و سـەلیقەی خـاوەن بەرهەمەوە هەیە ، تـا بەهۆیەوە دەقێکی نـاوازە و سـەرنج ڕاکێش بنیـات بنێـت و تێگەیشـتنی تەواو لەلای خوێنەر ، یا بیسـەر دروسـت بکات و لە ڕاسـتیشـدا ئەو پلەی تێگەیشـتنەش بەهۆی هونەرە قسەییە ئاشکراکانەوە دەبێت ئەمانەش لەناو چوارچێوەی ڕەوانبێژیدایە )) (گەردی ، ٢٠٠٢، ٦)

مەبەسـتی سـەرەکیش لەبەکـارهێنـانی هونەرەکـانی ڕەوانبێژی بنیـاتنـانی پردی پەیوەنـدیە لە نێوان ئەدەب ورەوانبێژیـدا، چونکە بەهۆی بوونی هونەرەکـانی ڕەوانبێژیەوە ڕۆڵ و جەوهەری دەقە ئەدەبیەکە ڕوون دەبێتەوەو لەهەمان کاتیشدا (( ئەو ئەدەبە پوختە ئەکاو بەوەش دیمەنێکی جوانتر لە قسـەکانیدا پەیدا دەبێت)) (سجادی ، ١٩٨٦، ٩ ) و هەروەهـا (( لە ئـاوێنەی ئەدەبەکەشـەوە سـەیری ژیـان دەکـات واتە لە پێشـدا ڕوو دەکـاتە ئەدەب و لێکی

هەڵدەوەشێنێت ئنجا لەودیو ئەدەبەوە باوەڕی خۆی بەرامبەر ژیانی کۆمەڵایەتی دەردەبڕێت)) (عەزیز گەردی١٩٧٢، ١٠) بوونی هونەرەکانی ڕەوانبێژی چ لەسەر ئاستی ژانرە ئەدەبیەکان و چ لە سەر ئاستی پەیوەندی و لایەنە کۆمەڵاتییەکان و ژیانی مرۆڤ بە پێویســت دەزانرێت و مرۆڤ هەموو کاتێك بە پێی هەل و مەرجەکانی ژیان پێویســتی پێ دەبیت ئەمە جگە لەوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی خۆی لە دووتوێی لایەنی دەربڕینێکی پوختەییدا دەبینێتەوە.

بەواتایەکی تر (( ڕەوانبێژی لە خانەی کورتبڕی جوان لە دەربڕین و گەشتنی واتای تەواوی زۆرتر لە وشەکان لەگەڵ درێژ بڕی جوان و واتای تەواوی کەمتر لە ووشەکان لەگەڵ یەکسانی لە نێوان قەوارەی وشەو واتادا کورتکراوەتەوە )) (مستەفا ، ٢٠١١، ١٨ ) هەر بۆیە ڕەوانبێژی لە دووتوێی قسـە و ژانرە ئەدەبیەکانەوە هەوڵ دەدات (( بەباشـترین وێنەی گۆکراو بگەیەنرێتە دەروون )) (مســتەفا ، ٢٠١١، ١٨ ) و دەروونی خوینەر و بیســەر ئاســوودە بکات و چێژی ئەدەبیانە زیاتر بکات نەك هەرئەوەندە، بەڵکو هەمیشــە ڕەوانبێژی مەبەســتێتی لە ســۆنگەی بەرژەوەندی باڵای مرۆڤەکانەوە فراوانتر لە خانەی وێنەو زمان و مۆسیقاو کاریگەری بڕوانێتە ئەدەب و ژیان.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لەنێو هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا جۆرە ســیحر و جادوویەك بەدی دەکرێت،کە وەك ئامێرێکی دووسەرە ڕۆڵ و کاریگەری خۆی ئاراستە بکات، هەروەکو (حنا عبود ) دەڵێت :- (( وەکو چۆن ڕەوانبێژی بۆ گوزارشت کردن لە هەستە باڵاکان بەکاردەهێنرێت ، بەهەمان شێوەش بۆ فێڵ و سەرلێتێکدانیش بەکار دەهێرێت ، چونکە ڕەوانبێژی ئامرازێکە ئادەمیزاد بۆ مەبەستەکانی خۆی بەکاری دەهێنێت)) (مستەفا ،٢٠١١، ٢١ )

هوونەرەکانی ڕەوانبێژی لەنێو بنیاتی ئەدەب و ئاخاوتندا بوونێکی پێویســت و حەتمیە و نووســەران و شـاعیران بەردەوام پێویســتیان پێی هەیە، تا دەقی جوان و تۆکمە بنیات بنێن،هەر بۆیەبەهۆی بوونی ئەو چەمکە بەرفراوان و تێگەیشــتنە قووڵەی،کە ڕەوانبێژی هەیەتی و پـانتـاییەکی بەرفراوانی لە بنیـاتی دەقی ئەدەبیـدا دەبینین لەلایەن شــارەزایان و ڕەخنە گرانەوە گەلێك پێناســەی جۆراو جۆری بۆ کراوە بۆ نموونە هەندێکیان پێیان وایە : (( ڕەوانبێژی یەکێکە لەو زانسـتانەی یارمەتی تێگەیشـتنی ئەدەب دەدات و چەشـەی ئەدەبی لای خوێنەر دەخەملێنێت و کاریگەری ئەدەب قوڵتر دەکاتەوە )) (مستەفا ، ٢٠٠٣، ٣ )

هەروەها هەندێکی تریش دەڵێن : (( ڕەوانبێژی هەموو ئەو هونەرانە دەگرێتەوە، کە واتا دەگەیەنێتە دڵی گوێگر )) (دزەیی ، ٢٠١٤، ١٤٥ )واتە گەیاندنی واتا بەشــێوەیەکی کاریگەر لەســەر هزر و فکری گوێگر بەمەرجێك ســەرنجی ڕابکێشێت و قەناعەتی پێ بکات٠ هەروەها ( عەلائەدین سجادی )ش دەڵێت :- (( ڕەوانبێژی بریتیە لە دەربڕینی کۆمەڵە گوزارەیەکی فراوان لە قاڵبی چەند وشـەیەکی کەمدا )) (سـجادی ، ١٩٨٦ ،٧ ) وەك دەبینین لە دووتوێی ئەو پێناسـەو دەربڕینەدا جەخت لەســەر گەیاندنی واتا کراوەتەوە لەمیانی بەکارهێنانی چەند ووشــەیەکی کەمدا، کە گوێگر بێزار نەکات و ئەوەی مەبەستی سەرەکیە پێی بگوترێت.

هەروەها هەندێکی تریش لە ڕەخنەگران دەڵێن :- (( ڕەوانبێژی بریتیە لە درێژ بڕی بێ زیادە و کورتبڕی بێ کەمی )) (مســتەفا ، ٢٠١١، ١٨ ) هەروەها وتەو دەربڕینێکیش لە ناو گەلی کورددا هەیە، کە زۆر باوە و گەڵێک جار بەکار دێت لەبـارەی ڕەوانبێژیەوە کە دەگوترێـت :- (( ڕۆڵە قســە بیگێژە ، بیبێژە، بیوێژە )) (گەردی ، ٢٠٠٢، ١٤ ) ئەمە ئەوە دەگەیەنێت،کە مرۆڤ پێش ئەوەی قســە بکات با بەوردی لە دڵی خۆیدا لێی وورد بێتەوە لە هەڵەو کەم و کوڕی ئەو قسەیە تێبگات و لەشتی نادروست و نابەجێ پاکی بکاتەوە ، تا پوخت و جوان ئەبێ و ترسی ئەوەی نابێت قسەکەی بە فیڕۆ دەڕوات، ئنجا بە پوختەیی دەری دەبڕێ.....

لە ڕاستیدا، لە کۆی ئەو پێناسانەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت،کە ڕوانبێژی وەکو لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت بەردەوام جەخت لەسەر قسەی ڕێك و پێك و جوان دەکاتەوە و مەبەستێتی لە چەند وشەیەکی کەم و سنووردراردا گەورەترین واتا و مەبەست بگەیەنێت.

**بەشەکانی ڕەوانبێژی :**

لەگەڵ ئەوەی هونەری ڕەوانبێژی مێژوویەکی دێرینی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانیە کۆنەکان ئەوەی هونەرێکی سەربەخۆو کاریگەر کاری لەسەر کراوە، کەلەسەرەتادا بریتی بووە لە هونەری دوان ( الخطابة) بۆ ئەوەی لەسەر تەختەی شانۆ نمایش بکرێت٠

ئەوەش لەخۆوە نەبووە، بەڵکو هەوڵ و تەقەلاو ڕۆژگارێکی زۆری ویستووە، تا توانیویەتی جێگەو پێگەیەك لە دوو توێی ئەدەب و دڵی مرۆڤەکاندا بکاتەوە و بکەوێتە سەرپێ و لە دواجاریشدا وەکو زانستێکی تۆکمە و سەربەخۆ لە بواری توێژینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەییدا جێگەی خۆی کردووەتەوە و ڕۆڵی کاریگەری بینیوە٠ هەر بۆیە ئەمە وای کردووە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕەوانبێژی بۆتە زانستێکی سەربەخۆ لە نێو زانستەکانی زمان و ئەدەبدا و هەر لە کۆنەوە، وەك پێوانەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی بەکارهاتووە و هەندێك جاریش بە ڕەخنەی زمانی ناوبراوە.

ئەم زانستە گرنگ و پڕ بایەخە خۆی لە دووتوێی (٣) زانستی سەرەکیدا دەبینێتەوە ،کە هەریەکەیان خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە ئەوانیش بریتین لە :

١- زانستی ڕوونبێژی ( ڕەوانکاری) – (علم البیان)

٢- زانستی جوانکاری – ( علم البدیع)

٣- زانستی واتاناسی ( گوزارەکاری )- (علم المعانی ) (بڕوانە مستەفا ، گەردی ، سجادی ، ٢٠ ، ١١، ٧ )٠

ئەمە جگە لەوەی،کە هەریەکێکیش لەوزانستانە بەسەر چەندین هونەر و زانستی تری فەرعیدا دابەش دەبن و جۆری تریان لێدەبێتەوە و هەریەکەشیان ڕۆڵ و پێگەو سنوری تایبەتی خۆی هەیە و جیاوازە لەوی تر.واتە بە جۆرێك، کە هەر زانستێکی ڕەوانبێژی ڕوو لە گۆشەیەکی ئەدەب دەکات و لێی دەکۆڵێتەوە و جوانی و دروستی دەخاتە ڕوو. بۆ نموونە ( زانستی ڕوون بێژی) خۆی لە دووتوێی هونەرەکانی هەریەکە لە : ( لێکچواندن ، خوازە ، درکە ) دا دەبینێتەوە . هەروەها ( زانستی جوانکاری )یش خۆی لە دووتوێی (٢ ) هونەری سەرەکیدا دەبینێتەوە کە بریتین لە : ( جوانکاری واتایی ) و (جوانکاری وشەیی ) وە هەر یەکێکیش لەو دوو هونەر و زانستە سەرەکیە خۆی لە دوو توێی چەندین جۆری فەرعی تردا دەبینێتەوە لەوانەش وەکو : (ڕەگەز دۆزی ، تیل نیشان ، جوانی بایس ، دژیەك ، تێهەڵکێش ....)

هەروەها ( زانستی واتاناسی ) ش خۆی لە دوو توێی (٤) بەشی سەرەکیدا دەبینێتەوە، کە بریتین لە :- ( خەبەر و ئینشا ، پێشخستن و دوا خستن ، تایبەتی ، جیاکردنەوە و بەستنەوە)٠بەڵام ئەوەی جێی ئاماژەو هەڵوەستە کردنە لێرەدا ئەوەیە، کە لەڕاستیدا دەرفەتی ئەوەمان نییە بە شێوەیەکی وردو پوخت قسە لەسەر هەریەکێك لەو هونەرانە بکەین و ئاماژەیان پێ بدەین تەنها ئەوەندە نەبێت، کە ئەوەی پەیوەندی بە چوارچێوەی توێژینەوەکەی ئێمەوە هەبێت و تا ڕادەیەک لە دەقە شیعریەکانی دڵدار دا چاومان پی کەوتبێت و هەستمان پێ کردبێت هەوڵماندا وە قسەی لەسەر بکەین و کاری لەسەر بکەین.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لەو ڕووەشەوە دەبینین (دڵدار) ی شاعیر بەمەبەستی زیاتر ڕازاندنەوەو تۆکمە کردنی بنیاتی دەقە شیعریەکانی و بە پێی تواناو تەمەنی ئەدەبی و سەلیقەی خۆی توانیویەتی سوود لە هەندێك لەو هونەرە ڕەوانبێژیانە وەربگرێت،کە خۆیان لە دوو توێی هەر (٣) زانستە سەرەکەیەکەی ڕەوانبێژیدا دەبیننەوە لەوانەش وەکو: ( خوازە ، لێکچواندن ، تێهەڵکێش کردن ، مولەممەع ، ( ڕەنگامە ) ، دژ یەك ، ڕوو لەوکردن ، تیل نیشانە ، خەبەر ، ئینشا ، درێژ بڕی .....هتد )

هەر بۆیە هەوڵمانداوە لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەماندا بە کورتی وبە شێوەیەکی تیۆری ئاماژە بە هەریەکێك لەو هونەرو زانستانە بدەین چ سەرەکی ، چ فەرعی، کە لە ئەلبومە شیعرییەکەی شاعیردا بەرچاومان کەوتوون.

**یەکەم / زانستی ڕوونبێژی :**

هەرهونەر و زانستێك لەڕووی بنیاتی وشەیی و واتاییەوە چەمك و پێناسە و دەربڕینی تایبەتی خۆی هەیە٠ لەو ڕووەشەوە ڕوونبێژی ( لە ڕووی ووشەییەوە ووشەیەکی لێکدراوە ، پێکهاتووە لە ( ڕوون )، کە سیفەتێکە تایبەتە بە (ئاو) دەگوترێت (ئاوێکی ڕوون) واتە بێگەردە و چ تۆز و خۆڵ و پیسیەکی تێدا نیە....لەگەڵ (بێژی) ئەمەش پێکهاتووە لە (بێژ) ی ڕەگی چاوگی (بێژان)ە و (ی) درووستکەری (ناوی واتایی) ...بەم شێوەیە بەسەریەکەوە (ڕوونبێژی ) : واتە ئەو گوتەو ئاخاوتنەی لە ڕووی واتاوە ڕوونە و ئاشکرایە و بێ گرفت و ئاڵۆزیە . لە ڕووی زاراوەیشەوە ڕوونبێژی ناوی یەکێکە لە زانستەکانی ڕەوانبێژی )) (مستەفا ، ٢٠١١، ١١٢ )

هەر بۆیە لە دووتوێی هونەری ڕوونبێژیدا (ئەوەیە ، کە شت بە هۆیەوە لە ڕووی واتاو ڕووەکانی ترەوە ڕوون دەبێتەوە و واتای شتەکان ڕوون و بێ گرفت و ئاڵۆز دەبێت )) (علی، ٢٠١٠ ،١٣) واتە ئەو دەربڕینەی، کە لەلایەن ئاخێوەرەوە دەردەبڕێ و بەشێوەی خەیاڵێکی داهێنەرانە بێ و واتاو مەبەست بە ڕوونی بگەیەنێت بۆ ئەوەی زۆرترین و کاریگەرترین بەشی سۆز و هەستی دەرببڕێت.

هونەری ڕوونبێژیش هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا لەم بەشانە پێك هاتووە، کە بریتین لە(لێکچواندن، خوازە، درکە)

لێکچواندن (وەك یەك ) :

یەکێکە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی و شاعیران بە بایەخەوە تەماشایان کردووە و لە بنیاتی گەلێك لە دەقە شیعرەکانیاندا بە پێی پێویست بەکاریان هێناوە٠ هەر بۆیە ئەم هونەرە (( لە ڕووی وشەییەوە لە زمانی کوردیدا مامۆستا ( هەژار ) لە فەرهەنگی ( هەنبانە بۆرینە )دا بۆ واتای وشەی لێکچواندن (وەك یەك چوون) ی بەکار هێناوە هەروەها(گیوی موکریانی) ش لە فەرهەنگی ( کوردستان) دا ( بەیەکچوون ) ی بەکار هێناوە)) (علی،٢٠١٠ ، ١٩)

هەروەها ( عەلائەدین سجادی) ش لە کتێبی ( خۆشخوانی )ەکەیدا (وشەی ( وەك یەك ) ی بەکار هێناوە، کە مەبەست لێی هەڵدانەوەی پەردەیە لە شتێکی نادیار ، ئەمەش بۆ ئەوەیە ، کە شتێکی نادیار لە ئارادا نەمێنێت و ئاشکرایی بێنێتە مەیدانەوە )) (سجادی ، ١٩٨٦، ٤٤ ) واتە لێکچواندنی شتێك بە شتێکی تر تا گوێگر یان وەرگر لە مەبەستی شتە نادیارەکە تێ بگات .

هەروەها (لێکچواندن ) لە ڕووی زاراوەیشەوە واتاکەی زۆر نزیکە لە ڕووی زمانەوانیەوە و شاعیرا ن نووسەران بە مەبەستی کار ئاسانی بۆ گوێگر (خوێنەر ) دەچن شتێك دێنن و بە مەبەستێکی دیکەی دەچوێنن ( لەبەر هەر ڕوویەکی لێکچوون، کە لە نێوانیاندا هەیە ، ئەمەش بە سروشتی حاڵ،پرۆسەی لێکچواندنە، نەوەکو لێکچوونی سروشتی)) (علی،٢٠،٢٠١٠) بە واتایەکی تر ئەم هونەرە بریتیە لە ( پێکهێنانی دوو وشە کە لەواتاو تایبەتمەندی دا هاوبەش بن، بەڵام هەریەکەش سیفات و تایبەتمەندی خۆیانیان هەبێت بەڵام لەوچووەکە ئەم سیفەتەی لا زۆرتر بێت )) (عبدللە،١٤٤،٢٠٠٨)

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە (لێکچواندن ، بریتیە لە وەکو یەك لێکردنی دوو شــت ، یان زیاتر ، لە ســیفەتێکی هاوبەش یان زیاتر بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو سیفەتە لەوشتەی، کە بابەتی باسەکەیە ) (گەردی ٢٠٠٢، ٢١ ) ئەوەش بە و واتایە دێت ،کە لێکچواندن بۆ هەڵدانەوەی پەردەیە، یان ئەو ڕووپۆشــەیە لەســەر شــتێکی نادیار و نا ڕوون، تا ڕوون بێتەوە و گوێگر بە ئاسانی لەمەبەستەکەی تێ بگات.

**بنەڕەتەکانی لێکچواندن :**

لە دووتوێی هونەری لێکچواندندا ( ٤ ) بنەرەت هەیە، کە بریتین لە :- ( لێچوو ، لەوچوو ، ئەوزار ، ڕووی لێکچوون)، بەڵام لەو ( ٤ ) بنەڕەتە ( لێکچوو ) و ( لەوچوو ) دوو بنەڕەتی سەرەکین و کۆی هونەری لێکچواندن لەسەر بوونی ئەو دوو بنەرەتە وەستاوە وهەر دەبێت هەبن، (( چونکە بە نەمانی هەریەکە لە ( لێچوو ) یان ( لەوچوو ) ەکە لێکچواندنەکە تێك دەچێت)) (علی ، ٢٠١٠، ٢٣ )، بەڵام لەبەرامبەریشـــدا هەریەکە لە بنەڕەتەکان (ئەوزار) و (ڕووی لێکچوون ) بە دوو بنەڕەتی ناســـەرەکی دادەنرێن، چونکە دەکرێت هەبن، یان نەبن وە ئەگەر نەشـــبن هیچ کاریگەریەکی خراپ لەســـەر بنیاتی لێکچواندنەکە دروست ناکات.

هەروەها جاری واش هەیە یەکێکیان هەیە و ئەوی تریان نییە، بۆیە مەرج نییە ئەو دوو بنەڕەتە ناســـەرەکیە هەمیشـــە بەیەکەوە هەبن، بەڵکو ئەوەیـان هەیە بە نەبوونیـان ( هیچ لە لێکچوانـدنەکە کەم نـاکەنەوە،بەڵکو بە پێچەوانەوە لێکچوانەکان بەهێزتر دەکەن )) (علی ، ٢٠١٠، ٢٤ )

خوازە :

یەکێکی ترە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی و ڕۆڵی کارای هەیە لە جوان کردن و پتەو کردنی دەقی شیعرییدا و لە ڕووی وشـەییەوە بە واتای داواکردن و خوازبێنی کردن دێت، کە مەبەسـت لێی (خوازتنی شـتێکە لە کەسـێکی تر ) ، (علی ، ٢٠١٠، ٦٢ ) بەڵام لە ڕووی زاراوەییەوە لە زمانی کوردیدا دەبینی ((ڕێژەی بەکارهێنانی خوازە لە نێو زمانی قســەکردن و ئەدەبیاتی فۆلکلۆر بە تایبەتیش ئەدەبیاتی کۆن و نوێمان ڕێژەیەکی یەکجار بەرزە ئەمەش لەوە ســەرچاوەی گرتووە، کە ئەو کەسەی بیری خۆی دەردەبڕێ جا بە ئاخاوتن بێت، یان بە نووسین هەمیشە پێی خۆشە بە نوێترین شێواز قسە بکات، بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەری درووست بکات٠ لێرەشەوە ئەو ڕێژە زۆرەی خوازە بە هەموو شێوازەکانی خوازەی ژێری و خوازەی زمانی و خواستنەکان و شێواز و دەربڕینی خوازەیی )) (مستەفا، ٢٠١٠، ٦٥-٦٦)

خوازە ( بریتیە لەبەکار هێنانی وشەیەک بۆ واتا فەرهەنگیە درووستەی کە هەیەتی لەگەڵ بوونی قەرینەیەك زمانی بێت، یان ژێری ڕێگری بکات لەوەی، کە وا ئەم وشــەیە، وەکو دروســت بەکار هێنرابێت و بچەســپێنرێت، کە دەبێت بۆ واتای خوازەیی بەکار هێنرابێت ) (مســـتەفا ، ٢٠١١، ١٦٣-١٦٤ )واتە خوازە بەکارهێنانی وشـــەیەکە لە ڕســـتەدا، یان لە دەربڕینێکدا بۆ گەیاندنی واتایەکی تر دوور لە واتا ئەســـڵیەکەی خۆی بە هۆی بوونی پەیوەندیەکەوە، کە لە نێوان هەردوو واتای وشـــەکە هەیە٠ هەروەها دەبێت نیشـــانەیەکی زمانی، یان واتایش هەبێت، کە مەبەســـت لێی واتا خوازەییەکەیە، نەك واتا ئەسـڵیەکە،(( هەربۆیە خوازە بە پێچەوانەی خواسـتن و لێکچواندن لەسـەر بنەمای لێکچوون نییە، بەڵکو بریتیە لە گواستنەوەی واتای وشەیەك بۆ وشەیەکی تر لەسەر تەوەری هاونشینی دا ) (عبدلله ، ٢٠٠٨، ١٤٧ )

بە دیوێکی تردا دکرێت بڵێین :- (( خوازە ئەوەیە ناوی شـتێك بۆ شـتێکی تر بەکاربێت ئەمەش بە هۆی گواسـتنەوەوە دەبێت لەڕەگەزەوە بۆ جۆر یان لە جۆرەوە بۆ ڕەگەز یان لە جۆرەوە بۆ جۆر یان بۆی هەیە پەیوەندی هاو ئەرکی بێت)) (ئەرستۆ، ٢٠٠٤، ٧٨ )٠

**جۆرەکانی خوازە:**

١- خوازەی زمانی

٢- خوازەی ژیری

پەیوەندیە خوازەییەکان

لە نێوان بەکار هێنانی هونەری خوازەدا ڕەخنەگران و شارەزایان ئاماژەیان بە گەلێك پەیوەندی جۆراو جۆر کردووە لەوانەش وەکو :

(( ١- پەیوەندی پەیوەستراو و پەیوەست

٢- پەیوەندی پەیوەست و پەیوەستراو

٣- پەیوەندی گشتی و تایبەتی

٤- پەیوەندی تایبەتی گشتی

٥- پەیوەندی هۆ ......هتد)) (عبدلله، ٢٠٠٨، ١٤٨ )

هەموو ئەو پەیوەندیانەش ( بە پیی بەکار هێنانی وشـەکە دەگۆڕێ و ئەو ووشـانەی بۆ مانای تر دەخوازرێنەوە هەر مانایەك بێت پێیان دەوترێت خوازەی ڕەها یان خوازەی سـەربەسـت چونکە پەیوەندییەکە ڕەهایەو سـنووری بۆ دانەنراوە تەنیا ئەوەندە هەیە نابیت پەیوەندیەکە لێکچوون بێت چونکە ئەگەر لێکچون بیت دەبێت بە خواسـتن)) (گەردی ، ٢٠٠٢، ٦٣ )

بنەرەتەکانی خوازە:

بەشێوەیەکی گشتی بنەرەتەکانی خوازە بریتین لە :

(( ١- واتای دروست بریتیە لە واتای ئەسڵی وشەکە

٢- واتای خوازراو بریتیە لە واتای دووەمی وشەکە

٣- پەیوەندی بریتیە لە پەیوەندی نێوان واتای درووست و واتای خوازراو

٤- نیشـانە بریتیە لەو نیشـانەیەی کە مەبەسـت لیی واتا خوازراوەکەیە ....واتە داپۆشـینی واتای ڕاسـتەقینەو گواستنەوەی سەرنج و تەنها بۆ واتای خوازەیی)(حەوێزی، ٢٠٠٩، ١٥٣-١٥٤)

**دووەم / زانستی جوانکاری :**

زانسـتی جوانکاری یەکیکی ترە لە سێ زانسـتەکەی زانسـتی رەوانبێژی لە ڕووی زمانەوانیەوە ( بریتیە لە داهێنانی شـت ، یان بەوشـتە دەگوترێت کە بۆ یەکەمجار دادەهێنرێت ) (مسـتەفا ، ٢٠٠٣، ٩ ) و ڕۆڵ و گرنگی ئەم زانسـتە ش لەوەدا دەردەکەوێت کە بەهۆیەوە جوانی و ڕێك و پێکی قسـەو ئاخاوتنی بە جۆرێکی ئاشـکراو بێ گرێ و گۆڵ لەگەڵ واتاکەدا جووت دەبن و یەك دەگرن بەوەش چەشـەی خوێنەر ( گوێگر ) دەبزوینێت بۆ زیاتر چوونە ناو ئەدەب و قووڵ بوونەوەی لەواتاو مەبەست و خۆشیەکەی.

بەکارهێنان وڕەنگدانەوەی هونەری جوانکاری ( لەفەرهەنگەکانی زمانی کوردیدا بە دوو واتا دێت : ڕازێنەوە (بووک جوانکەر ) ، دەسـت ڕەنگین بە هونەر ) (مسـتەفا ، ٢٠٠٣، ٩ ) ئەمە جگە لەوەی هەرچی جوانکاریە ناوێکی واتاییەو پێکهاتووە لە ئاوەڵناوی لێکدراوی (جوانکار) و (ی).

بەشێوەیەکی گشتی هونەری جوانکاری ( لەوڕەگەزو دەستورانە دەدویت کە لایەنی هونەر و جوانی ئەدەب ڕوون دەکەنەوە )) (گەردی، ١٩٧٥، ٥ ) و ئەو سەرەداوانە دەست نیشان دەکات کە وشەو دەستەواژەکانی ناو ڕستە بەیەکەوە گری دەدەن و لە پەیوەندیەکی جەدەلی و جوانی بەخشەوە بەرەو ئاستێکی هونەریان دەبەن.

لە ڕاستیدا ائەم جوانی و ڕیک و پێکی قسەیەش ( ٢ ) جۆرە جۆرێکیان ڕوو لە وشە دەکات جۆرێکیان ڕوو لە واتا دەکات

**جۆرەکانی جوانکاری :**

بە پێی تێڕوانینی ڕەخنەگران وشـارەزایان زانستی جوانکاری (٢ ) جۆری سـەرەکی هەیە و هەریەکەشـیان تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆیان هەیە کە بریتین لە :

١- جوانکاری وشەیی :

باسێکی سەرەکی جوانکاریە و ( مەبەست لیی جوانکردنی دەربڕینە با هەندێك جار واتاش بەهۆی ئەوەوە جوان بکریت . نیشانەکەشی ئەوەیە ئەگەر دەربڕینی دووەم بۆ هاو واتاکەی گۆڕا جوانییەکە نامێنێت ) (مستەفا ، ٢٠١١، ٢٢٤ ) و زیاتریش تایبەتە بە لایەنی ڕوخسار و شێوازی ئەدەبیەوە٠

جوانی و گرنگی ئەم جۆرە هونەرە زیاتر لە وشـەکاندا دارشـتنی وشـە و ڕۆنانی ڕسـتە دەبیت بەهۆی جوانی مەبەسـتەکە جگە لە وەش ( زیاتر خۆی بە دووبارە بوونەوەی دەنگ خەریك دەکات کە ئاوازی ناوەوەو ڕەگەز دۆزی و دووبارە بوونەوەو سـەروا دەگرێتەوە )) (گەردی، ٢٠٠٢، ٧٧ )ئەم جۆرە زانسـتە ڕەوانبێژیە خۆی لە دووتوێی گەلێك جۆری هونەری وەکو :- (ڕەگەز دۆزی ، هێنانەوە، پاتکردنەوە، گێڕانەوە ، تێهەڵکێش ، سەرواداار ، کەرتکردن ، دووسەروا ، مەلەممەع ، پێنج خشـتەکی .....) دادەبینێتەوە ، لێرەشـدا بە پێویسـتی دەزانین ئاماژە بەو جۆرە هونەرانە بدەین کەلەمیانی توێژینەوەکەماندا پیی گەیشتووین ، لەوانەش وەکو:

تێهەڵکێش: ئەو جۆرە هونەرەیە کە تاییدا شـاعیر نیو دێر یان دێڕێکی تەواو یان چەند دێڕێکی شـاعیرێکی تر دێنێت و دەیخاتە ناو دەقە شیعرەکەی خۆیەوە کە وەریشی دەگرێت وا دەبیت ناوی خاوەنەکەی دەهێنێت یان دەبێت لەبەر ناوبانگی شـیعرەکەو خاوەنەکەی ناوی خاوەنەکی هەر ناهێنێت واتە ( شـاعیر دەقێکی ئەدەبی بێ دەسـتکاری لەناو شیعری خۆی بەکاربهێنێت بەمەرجێك دەقەکە بگاتە ڕادەی ڕستەیەکی تەواو )) (گەردی ٢٠٠٢ ، ٩٩ ) جا ئەو دەقە وەرگیراوە ( ئایەتێك بێت یان فەرمووودەیەك بێت یان پەندی پێشـینان یان هەر دەربڕینێکی تر بیت) (مسـتەفا ، ٢٠٠٣، ٥٧)

ڕەنگنامە (مولەممەع):

یەکێکی ترە لەو هونەرە ڕەوانبێژیانەی کە شـاعیران کەم تا زۆر بەمەبەسـتی زیاتر جوانکردنی هەندێک لە دەقە شـیعریەکانیان پەنای بردوەتە بەر بەکارهێنانی کە بە زیاتر لە زمانێک دەبیت واتە سـەلماندنی توانای شـاعیرە کە تا چەند دەتوانێت جگە لە زمانی دایکی خۆی سـوود لە زمانی تر وەربگرێت، و لەگەڵ زمانەکەی خۆیدا ئاوێتەی بکات و دەقی شـیعری پێ بهێنێتەوە کەواتە مەلەمەع ( بریتیە لە شـیعرێك یان چەند دێڕێکی شـیعر کە بە زیاتر لە زمانێك نووسـرابیت بە مەرجەی بەکارهێنانی هەرزمانێک بۆ کەمتر لە نیو دێڕێک ، پارسـتەیەک کورت نەبووبێتەوە جا بە دوو

زمان مەلەممەعەكە نووسـرابێت یان بە سـێ زمان یان بە چوار زمان هەروەها دەبێت هەموو شـیعرەكەش هی خودی شاعیرەكە خۆی بێت نەك شتی لە شاعیرانی ترەوە وەرگرتبێت) (مستەفا ، ٢٠١١، ٢٦٨ )

بە واتایەکی تر لەم جۆرە هونەرەدا ئەو زمانەی بەکار دێت دەبێت بە لایەنی کەمەوە بگاتە ئاسـتی ڕسـتەیەک، چونکە ئەگەر تەنها وشەو دەستەواژەی تر بەکار بێت شیعرەکە نابێت بە مولەممەع.

**٢-جوانكاری واتایی :**

ئەو جۆرە جوانكاریەیە كە زیاتر بایەخ بەو جوانیە دەدات كە لە واتای وشەو ڕستەكاندا هەستی پێ دەكرێت واتە ( لەلایەنی وشـــە و دەســـتەواژەو ڕســـتەكان دەكۆڵێتەوە لە ڕوانگەی چێژی جوانناســـیەوە هەروەها واتای وشـــەكان هەماهەنگیان دەكەوێتە بەین و زەین لە وشـــەیەكەوە بەرەو وشـــەیەكی تر دەچێت و بەوەش چێژێكی جوانكاری بە خوێنەر دەبەخشێت ) (گەردی ، ٢٠٠٢، ٧٧ )

تەنانەت ئەو جوانكردنە ( بە زۆری بۆ واتا دەگەڕێتەوە ئەگەر چی هەندێكیان بە واتای جوانكردنی دەربڕینیش دێن نیشـانەیكەش ئەوەیە ئەگەر دەربڕینێكی دەقەكە بەهاو واتاكەی گۆڕدرا جوانكردن و باشـكردنی مانایە )) (مسـتەفا ، ٢٠١١، ٢٩١-٢٩٢ ) بەوەش هێندەی تر دونیای ئەدەبەكە دەڕازێنێتەوە ئەم جۆرە زانسـتە ڕەوانبێژیە خۆی لە دوو توێی گەلێک جۆری هونەری وەكو:- (پێچەوانە كردنەوە، دژ یەك ، بەرامبەری ، كۆكردنەوە، لێكردنەوە، تیل نیشـــانە، جوانی بایس، پۆشین، ،،،،،هتد) دادبینێتەوە لەوانەش وەكو :-

**دژیەك :**

یەكێكە لە هونەرەكانی جوانكاری واتایی كە تیایدا ( دوو شـتی نە گونجاو دەهێنریت لە ڕسـتەدا بەرانبەری یەك دەوەستێنرێت بۆ ئەوەی نەوس بە تاسەوە بۆی بشنێتەوە ) (سجادی ، ١٩٨٦، ٨٢ ) واتە هێنانی دوو وشەی دژ یەك و پێچەوانەیەك لە واتادا.

دژ یەك ( بریتیە لە بوونی دوو وشـــەوی واتا دژ و پێچەوانەی یەك جا ئەم وشـــانە لە فەرهەنگدا ســـەربەخۆییان هەبێت یانیش دووەمیان نەرێی یەكەم بێت گرنگیش نییە دوو وشەكان دوو ناو یان دوو فرمان یان دوو ڕاناو یان دوو چاوغ یان دوو ئاوەڵناو یان دوو هەرچییەک بن لەیەک جۆردا بن یان لە دووجۆری لێک جیادا بن)) (مستەفا ، ٢٠١١، ٢٩٤)

**جۆرەكانی دژ یەك:**

١- دژیەكی ئەرێ : ئەوەیە دوو ووشەی جیاو سەربەخۆ دژ یەك بن وشەكان لە یەك ڕێشەوە نەهاتبن.

٢-دژیەكی نەرێ: ئەوەیە دوو وشـــەكان بە نەفی یان نەهی بوو بن بە دژ واتە وشـــە بێت پاشـــان نەفی یان نەگی كرابێت نەفی یان نەهی ووشەكە دەبیت بە دژی وشە ئەسڵیەكە ) (گەردی ، ٢٠٠٢، ١٢٩ )

**ڕوو لەو كردن :**

یەكێكی تر لە هونەرەكانی جوانكاری واتایی و ((بریتیە لەوەی شـــاعیر لە هۆنراوەكەیدا ، ڕووی گفتوگۆی بكاتە بەرامبەرەكەی و قسە و ئامۆژگاریەكانی ڕوو لە ئەو بكات )) (مستەفا ، ٢٠٠٣، ١٣١ )



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

تیل نیشـــان : یەکێکی تر لە هونەرەکانی جوانکاری و مەبەســـت لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە هونەرە لە بنیاتی دەقی شـــیعریدا ( ئەوەیە کە ئەو هونەرە لە هۆنراوەکەیدا بە تیلی چاو دەســـت بۆ کارەســـات یان داســـتان یان پەندێکی پێشینانی ئەو زمانە دریژ بکات )) (سجادی ، ١٩٨٦، ١٥٧ )

شـاعیر لە ڕێی بەکارهێنانی ئەم جۆرە هونەرەوە لە ڕێگەی دەقە شـیعریەکەیەوە ( بە وشـەیەك یان چەند وشـەیەك ئاماژە بۆ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز یان فەرمودەیەکی خۆشـەویسـت یان پەندێکی پێشـینیان یان قسـەیەکی نەسـتەق یـان چیرۆک و ڕووداوێکی مێژوویی یـان ئەفســـانەیەکی جیهـانی یـان نەتەوایەتی ،،،،بکا) (گەردی ، ٢٠٠٢، ١٢٠ ) واتە شاعیر گەر بە ئاماژەیەکی خێرا بەسەریاندا تێدەپەڕێت.

**سێیەم /زانستی واتا ناسی :**

یەکێکە لە زانستە سەرەکیەکانی تری زانستی ڕەوانبێژی و لە ڕۆڵ و گرنگی چەمکی واتا دەکۆڵێتەوە و ( پەیوەندی نیوان (وشـە) و ( واتا )شـی دەکاتەوە و هەر وشـەیەك لە چ شـوێنێك بێت واتاکەی باشـتر دەگەیەنێت و پاش و پێش کردنی وشەکان چۆن کار دەکاتە سەر گۆڕان و جەخت کردنی واتاکە بیجگە لە واتای دروستی خۆی چ مەبەستێکی تر دەدات بە دەســتەوە و لە کۆی وشــەی کەم بەکاردبێت بکارترە و لە کویێ درێژەی پێ بدرێت بەســوود ترە ڕســتەکە لە کوێوە بەیەکەوە بلکیت و لە کوێوە لێک جیا بکرێتەوەجوانتر و بەهێزترە )) (عبدالرحمن،١٩٩٩، ٥٠ ) هەروەها لە ڕووی شـــێواز و ڕێگەی دەربڕینەوە لە بنیاتی ڕســـتە دەکۆڵێتەوە نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو باس لە پەیوەندی نێوان قســـەو نووسین دەکات کە (( دەبیت لەگەڵ بارودۆخی گوێگر و خوێنەر و هەڵوێستی گشتی ئاخاوتن ڕێك بکەوێت بۆ ئەوەی بەرهەمەکە ڕوان بێ و قســەکەر توشــی هەڵەی گەیاندنی مانا نەبێت)(گەردی،٢٠٠٢، ١٥٣) هەروەها (( لەو مانا لاوەکی و خوازەییانەش دەکۆڵێتەوە کە لەگەڵ مانای دروست و فەرهەنگی وشەکان مانای ڕستەکە تەواو دەکەن کە هەڵوێستی بەکارهێنانن دەیان سەپێنێ )) (گەردی ، ٢٠٠٢، ١٥٣ )

کەواتە هونەری واتا ناســی (( بریتیە لەو زانســتەی کە بەهۆی دەربڕینەکانی زمانەوە دەناســرێتەوە کە تا چەندێك لەگەڵ ئەو بارەدا گونجاو و دروستە کە گوزارشـتی لێدەکات و تا چەندیش ڕوونی و ئاشکرایی تێدایە ) (شعیب،٢٠٠٨، ٢٢٠ )

**بەشەکانی واتا ناسی :**

زانستی واتاناسی لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت کە بریتین لە :

(خەبەر ، ئینشا ، یەکسانی ، کورتبڕی ، درێژ بڕی ، تایبەتی ...)

١- خەبەر (هەواڵ ): مەبەست لەم هونەرە ئەوەیە کە قسە کەر بیەوێت هەواڵێك بە بەرامبەرەکەی بگەیەنێت کە ئەو نەیزانێ و نەیبیســـتبی یان رەنگە ئەویش بیزانێت، بەڵام قســـەکەر مەبەســـتێکی تایبەتی خۆی هەبیت لەو هەواڵ گەیاندنەدا بە واتایەکی تر دەکرێ بڵێین هەواڵ (( ئەو ڕســـتەیەیە کە هەواڵێکی لە خۆ گرتووە ناواخنەکەی هەواڵدانە لەبارەی شـــتێکەوە بەباش یان بە خراپ هەروەها مەبەســـت لێی ڕاگەیاندنە بەوەی ئەو حوکمەی لە خۆی گرتووە لە دەرەوەی دەربڕینە وشەییەکانە واقعیکی هەیە و ڕێکە لەگەڵی )) (مستەفا ، ٢٠١١، ٢٤ )



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**جۆرەکانی هەواڵ**

هەواڵ (٣) جۆرە و هەریەکەیان بۆ جۆرە گوێگرێکە :

١- خەبەری ساکار : بێ جەختەو بۆ گوێگرێکە خەبەرەکە نازانیت یان لێی دوودڵ نەبیت و نکوولی لێ نەکات

٢- خەبەری داواکری : یەک جەختی تێدایە بۆ گوێگرێکە خەبەرەکە بزانێت، بەڵام لێی دوودڵ بێت جەختەکە بۆ ڕەواندنەوەی دوودڵیەکەیە.

٣- خەبەری نکوولی :( زۆر جەختی تێدایەو جەختەکان زۆر بەهێزن بۆ گوێگرێکە نکوولی لە ناوەڕۆکی خەبەرەکە بکات، جەختە زۆر بەهێزەکان یارمەتی قەناعەت پێهێنانی دەدەن) (گەردی ، ٢٠٠٢، ١٦٤ )

٢-ئینشا (داڕشتن ) : یەکێکە لە هونەرەکانی زانستی واتا ناسی و بەو قسەو ئاخاوتنە دەوترێت کە ڕاستەو درۆ بەخۆیەوە هەڵناگرێ، چونکە ئەو مانایەی کە تێیدایە هیچ واقعێکی دەرەوەی نییە تا بزانین داخۆ لەگەڵی دەگونجێ یان ناگونجێ) (گەردی،١٩٧٩،٢٩) بۆ ئەوەی شتێك داوا بکات وەک داواکردنی فەرمانێك یان داواکردنی تێگەیشتنێك لەسەر بابەتێك لە ڕووی یاساوە.

**جۆرەکانی داڕشتن:**

بە گشتی هونەری داڕشتن (٢) جۆرە کە بریتین لە :

١- ڕستەی داخوازی : ئەو جۆرە ڕستەیەیە کە تێیدا ( داوای شتێك لەبەرامبەرەکەت بکەیت کە هێشتا نەبوو بێت وایش دەبی داخوازی بۆ مەبەستی خوازەیی تر بەکار بیت) ((عبدالرحمن ، ١٩٩٩، ٥٣) واتە ( ڕستەی داخوازی دەشێت نەهێشتن یان داواکردن یان پرسیاری بیت هەریەکە لەمانەش ئامرازی خۆی و مانای خوازەیی خۆی هەیە )) (گەردی،٢٠٠٢، ١٧٢) ئەمیش دەکرێت بەچەند جۆرێکەوە کە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە ، لەوانەش وەکو :

ا-فەرمان و نەهێشتن ( امر ) و (نهی)

ب- خۆزی ، ئاوات خواستن

ج- بانگ کردن (عبدالرحمن ، ١٩٩٩ ، ٥٣-٥٤)

٢- ڕستەی نا داخوازی : ئەو جۆرە ڕستەیەیە کە (( هیچ داوای تێدا نەبێت واش ، نەبێت ، کە بوو بێت و بڕابێتەوە،)) (عبدالرحمن ، ١٩٩٩، ٥٤ ) ئەمیش دەکریت بەچەند جۆرێکەوە کە هەریەکەیان ئامراز و بەکارهێنانی خوازەیی خۆیان هەیە لەوانەش وەکو:

١- سەرسوڕمان

٢- هێڤی

٣- سوێند(سوێندی ئاینی، سوێندی نەتەوایەتی ، نێشتیمانی ، خزمایەتی، یا دوبرەوەری ، شتی واتایی ) ٠)) (عبدالرحمن ، ١٩٩٩، ٥٤)

درێژ بڕی : بریتیە لە دریژ کردنەوەی قسە کە تیایدا ژمارەی وشەکان لە واتاکە زیاتر بن ئەوەش بەو مەبەستەی کە بە ووشە زیادانە مەبەستی قسەکە زیاتر ڕوون بکرێتەوە و گوێگر باشتر بیخاتە ئەقڵەوە٠ کەواتە درێژ بڕی (( ئەوەیە وشە زیاتر بێت لەمەبەستی بنجی ، ئەمەش لەبەر گەیاندنی سودێك ،)) (مستەفا، ٢٠١١، ١٠٨)،چونکە ئەو درێژ بڕییە هیچ سودێکی تێدا نەبێت و تەنها هەر دریژیدادڕی بێت لە قسەو ڕستەکاندا ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەو کاتە لە هەموو سیفەت و خەسڵەتێکی ڕەوانبێژی دادەماڵرێت.

**مەبەستەکانی درێژ بڕی**



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

درێژبڕی بۆگەلێك مەبەستی جۆراو جۆر بەکار دێت لەوانەش وەکو :

١- ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی مانا.

٢- ناوبردنی شتی تایبەتی دوای شتی گشتی.

٣- ناوبردنی شتی گشتی دوای شتی تایبەتی.

٤- دووبارەکردنەوە.

٥- ڕستەی هەڵوەستە ( الجملة الاعتراضية).(گەردی، ٢٠٠٢، ١٨٢)

## بەشی دووەم

## شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکانی (دڵدار) لە دوو توێی بوونی هونەرەکانی ڕەوانبێژیەوە

بە هەڵدانەوەی ئەلبومە شـــیعریەکەی (دڵدار) و گەڕان بەدوای بەکارهێنان و ڕەنگدانەوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا ،ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ،کە شـــاعیر هونەرمەندانە توانیویەتی ســـوود لە گەلێک لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە دوو توێی هەر (٣) زانستە سەرەکیەکەی ڕەوانبێژی وەربگرێت و گەلێک دەقی شیعری جوان وناسک پێشکەش بە خوێنەری کورد بکات.

لە ڕاستیدا ،هەموو ئەوانەش نیشانەی دەسترەنگینی شاعیر و شارەزابوونیەتی لە چۆنیەتی سوود وەرگرتن لەو هونەرە هەمەڕەنگانەی ڕەوانبێژی. بۆ نمونە (دڵدار) لە دەقی شـیعری (ئەی ڕەقیب)ەکەیدا ،چاپوکانە دەیەوێت باس لە ئازایەتی و قارەمانێتی لاوانی کورد بکات ،کە لە هەموو ســـاتە ناخۆش و دژوارەکانی ژیانی گەلی کورددا ،کە لە لایەن دوژمنان و داگیرکەرانی کوردەوە دووچاری بوبێتەوە ،ئازایانە بەرگریان  لە خاک و نەتەوەکەیان کردووە و بە شانازیەوە خوێنیان لە پێناویدا بۆ ڕشتووە ،هەروەکو دەڵێت:-

لاوی کورد هەڵسانە سەرپێ وەک دلێر

سا بە خوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان (دڵدار، ١٩٧١ ، ١٧)

شاعیر لە ڕێی ئەو دەقە شیعرییەوە ،هونەری (لێکچواندنی درێژەی بەرەڵا)ی بنیات ناوە،کە (هەر چوار ڕەگەزەکانی لێکچواندنی بە ئـاشــکرا تێـدا بەکـارهـاتووە)(گـەردی،١٩٧٢،٣٦)، کە بریتین لە (لێچوو، لەوچوو ، ئەوزار، ڕووی لێکچوون).ڕەگەزە لێکچواندنەکانیش بەم شێوەیە خراونەتە ڕوو:

(لاوی کورد ) ڕەگەزی ســـەرەکیەو پێی دەگوترێـت (لێچوو).هەروەهـا وشـــەی (دلێر)یش،کە بۆ ڕوونکردنەوەو خســـتنەڕووی (لاوی کورد) بەکارهاتووە (لەوچووە)و ڕەگەزی دووەمە .لە ڕاســـتیدا ،ئەو دوو ڕەگەزەش ســـیفەت و لایەنێکی هاوبەشـــیان هەیە لە نێوانیاندا،کە کۆیان دەکاتەوە بریتیە لە (هەڵســـانە ســـەرپی) و پێی دەگوترێت (ڕووی لێکچوون)، لە هەمان کاتیشـــدا وشـــەیەک هاتووە، کە ئەرکی لە نێو دێڕە شـــیعرەکەدا پێکەوە گرێدان و بەســـتنەوەی هەردوو ڕەگەزی (لێچوو) و (لەو چووە)،ئەویش وشەی (وەك)ە ،کە پێی دەوترێ (ئەوزار).

هەروەها شاعیر لە دەقی (منداڵی هیوا)کەیدا بە ئاشکرا ڕوودەکاتە منداڵانی نەتەوەکەی و هەمیشە چاوی خێریان لەســـەر دادەنێت و بەوەی هەمیشـــە ئومێدێ بن بۆ نەتەوەکەیان ، بۆیە لە دێڕێکدا بەم شـــێوەیە وەســـفیان دەکات و ئامۆژگاری ئەوەیان دەکات، کە دەبێت هەمیشـــە وەک هەنگ بن لە مەیدانی ژیاندا دژ بە دوژمنان و ناحەزان ،هەروەکو دەڵێت:-

تێکۆشە دایم هەروەکو هەنگ بە

لە مەیدانی ژین ئامادەی جەنگ بە (دڵدار، ١٩٧١، ٣٨)

جارێکی تر لە ڕێی ئەو دێڕە شـیعرەوە، شـاعیر هونەری (لێکچوانی درێژەی بەرەڵڵا)ی لە وشـەی (تێکۆشـە)دا ،کە کردارێکی داخوازییە ،جێناوی لکاوە بۆ کەســی دووەمی تاک ،کە بریتییە لە (تۆ) ڕەگەزی (لێچووە)،هەروەها  وشـــەی (هەنگ)یش ڕەگەزی دووەمە و (لەوچوو)ە هەروەها لایەنی هاوبەشی نێوان (لێچوو) و (لەوچوو)یش وشەی (تێکۆشان )یش کە مەبەستێکی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنە لە مەیدانی جەنگدا (ڕووی لێکچوون)ە.وە وشەی (هەروەکو)ش، کە ئەرکی بەیەکەوە بەستنەوەی هەردوولای لێکچواندنەکەیە (ئەوزار)ە.

شایانی باسە هەندێک جاریش شاعیر لە هەندێک دەقدا هونەرمەندانە لە بنیاتی هونەری لێکچواندا هەر تەنها دوو ڕەگەزە سەرەکیەکەی لێکچوانی بەکارهێناوە و هیچی تر،کە بریتین لە (لێچوو) و (لەوچوو).نمونەی ئەمەش هەروەکو لە دەقی (ڕۆڵەی تازە)کەیدا لە دێڕێکدا دەڵێت:-

وەتەن باخی جینانە

موحتاجی بازوو و شانە (دڵدار، ١٩٧١ ، ٣٦)

وشەی (وەتەن) ڕەگەزی یەکەمی لێکچوانەکەیە و (لێچوو)ە، وە (باخی جینان)یش ڕەگەزی دووەمەکەیە و (لەوچووە).واتە نیشتمان لە خۆشی و جوانیدا وەکو باخی بەهەشت وایە ،بۆیە پێویستی سەرشانی هەموو کوردێکی بەغیرەتە لە هەموو ئان و ساتێکدا چاپووکانە پارێزگاری و بەرگری لە خاک و نیشتمان بکات.هەربۆیە شاعیر هیچ کام لە (ڕووی لێکچوون) و (ئەوزار)ی بەکارنەهێناوە و بەوەش جۆرە لێکچواندنێکی بنیاتناوە کە پێی دەگوترێت (لێکچواندنی ڕەوان)،ئەویش ئەو جۆرە لێکچواندنەیە ،کە تیایدا ((تەنها لێچوو و لەوچوو ئەوترێت و بەس ! واتە لێکچوون و ئەوزار ناویان نابرێت))(گەردی، ١٩٧٢ ، ٣٧) بێگومان،ئەوەش بەهێزترین جۆری هونەری لێکچواندنە.

هەروەها دڵدار لە دەقی (دڵ)ەکەیدا،کە بەهاوبەشی لەگەڵ (عەونی) شاعیردا دایانناوە و هاوشێوەی دێڕە شیعرێکی (نالی)یە ،کە دەڵێت:

ئاسمانی حوسنی مەحبوبم لە ئەبرۆ و زوڵف و ڕوو

دوو هیلال و دوو شەو و دوو ماهی تابانی هەیە(نالی ،١٣٦٨ ، ٥٧٤)

(نالی) لەو دێڕە شیعرەدا (٣)(لێچوو)،وە(٣)(لەوچوو)ی بەکارهێناوە،کە بریتین لە :

(ئەبرۆ) = لێچوو ، (دوو هیلال) = لەوچووە.

(زوڵف) = لێچووە ، (دوو شەو) = لەوچووە.

(ڕوو) = لێچووە ، (ماهی تابان) = لەوچووە.

ئەمە جگە لەوەی (نالی) ڕووی جوانی یارەکەی تەشبیە کردووە بە ئاسمان.هەروەها (دڵدار)یش،کە لەگەڵ (عەونی) دا ئەو دەقە شیعرییەیان بنیات ناوە و لە دێڕێکدا ، کە هونەری لێکچواندنی تێدایە ، بەم شێوەیە هاتووە ، هەروەکو دەڵێن:-

ئاسمانی حسنی ڕووخسارت لە ئەبرۆ و چەرخی ڕوو

تاقی ئەبرۆت دوو هیلال و چەرخی کوڵمەت خورتە (دڵدار، ١٩٧١،٣٢)

وەک دەبینین،تەنها دووشت بە دوو شت بەکارهاتووە و هونەری لێکچواندنەکەیان پێکهێناوە ،ئەوانیش بریتین لە وشەی (ئەبرۆ) و بنەرەتی یەکەمی لێکچواندنەکەیە و (لێچووە)،هەروەها (دوو هیلال)یش بنەڕەتی دووەمە و (لەوچووە).واتە (برۆ)ی چاوەکانت هێندە باریک و جوان و کەوانەین وەکو دوومانگی هیلالی وان.واتە سەرەتاکانی دەرکەوتنی مانگ لە ئاسماندا ،ئەمە جگە لەوەی ڕووی لێکچوونیش بەکارهاتووە ،کە بریتییە لە وشەی (تاق)،کە بێگومان دیارە (تاق) شێوەی (کەوانەیی و قەوس)ی هەیە.ئەوەش خاڵی هاوبەش و پێکەوە بەستنەوەی نێوان هەردوو بنەڕەتی (لێچوو) و (لەوچوو)ە.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هەروەها لێکچواندنی دووەمیش ،ئەوەیە ،کە هەردوو وشەی (ڕوو) و (کوڵم) = (لێچووە) بنەڕەتی یەکەمە و هەروەها وشەی (خۆر)یش بنەڕەتی دووەمە و (لەوچووە).واتە (دەموچاوی یار) وەکو (خۆر) وایە لە سپێتی و جوانیدا.بەڵام بە شێوەیەکی گشتی شاعیریش ڕووی جوانی یارەکەی شووبهاندووە بە ئاسمان......تد.

بە زیاتر هەڵدانەوەی ئەلبومە شیعریەکەی (دڵدار)ی شاعیر، گەلێک وێنەی هونەری ڕەوانبێژی دیکەمان بەرچاو دەکەوێت،کە شاعیر هونەرمەندانەو بە سەلیقەیەکی وردی پڕ لە واتاوە خۆی لە قەرەیان داوە و بنیاتی دەقە شیعرییەکانی پێ جوانتر و ڕازاندۆتەوە لەوانەش وەکو بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە هونەری (خوازە)،هەروەکو لەم دێڕە شیعرەدا بەرچاودەکەوێت،کە شاعیر دەڵێت: -

بەراوی ماڵی ئاغایە بەراتم

سڵاوی ماڵی کوێخایە خەڵاتم (سجادی ، ١٩٨٦ ، ٥٣)

وەک دەردەکەوێت ،شاعیر وشەی (بەراو)ی بەکارهێناوە دوور لە واتای دروستی خۆی ،کە لەبنەڕەتدا بە واتای (بەردەمی ئاو دێت)،بەڵام لە دێڕە شیعرەکەدا وشەی (بەراو) (ناوە بۆ ئەو زەویەی ،کە ئاوێک ئاوی ئەدا) (سجادی ، ١٩٨٦ ، ٥٣)

هەروەها (دڵدار) لە دەقی (بڵێ سەربەسی ئەی لاو)ەکەیدا،کە ئاڕاستەی گەنجان و لاوانی نەتەوەکەی کردووە و داوای ئازادی و سەربەستیان بۆ دەکات و هانیدەدات بە ئازادی و سەربەستی بژین، بەڵام ئەوەش تێکۆشانە و هەوڵ و تەقەلای بێ وچانی دەوێت،هەروەکو دەڵێت:-

لە ساتێکی وەها تەنگ و لە کاتێکی وەها پەستی

کە عالەم گشتی هەستاون ئەبێ کەی تۆش لە خەو هەستی .. (دڵدار، ١٩٧١، ٤٨)

وەک دەبینین، شاعیر وێنەیەکی خوازەیی بنیات ناوە،لەوەدا کە دەڵێت:- (لە خەو هەستی).وەک ئاشکرایە وشەی (خەو)،کە واتای نوستن دەگەیەنێت بۆ واتای دروستی خۆی بەکارنەهاتووە،بەڵکو بۆ دەربڕینی واتاو مەبەستێکی تر بەکارهاتووە ،کە غەفڵەتی و بێ ئاگاییە .واتە شاعیر دەیەوێت ئەوە بە گەنجان و لاوانی وڵاتەکەی بڵێت،کە لاوان و گەنجانی هەموو جیهان هەستاون و داوای ئازادی و سەربەستی و مافی ژیان دەکەن،بۆیە دەبێت گەنجانی کوردیش خۆیان لە شتی لاوەکی و بێ سوود بپارێزن و لەو خەوی بێ ئاگاییە بە خەبەر بێنەوە و داوای ئازادی و مافەکانی ژیانیان بکەن و سەربەستانە لە وڵاتی خۆیاندا ژیان بەسەربەرن .هەروەها شاعیر لە دەقی (لالە باس)ەکەیدا،لە دێڕێکیدا، کە دەڵێت:-

شایەدی بدە (زەوی زێڕین دۆڵ)

کەوا هی منە قورئانیش بخۆ (دڵدار، ١٩٧١، ٥٧)

وەک دەبینین، شاعیر لە نیوە دێڕی دووەمدا، دەڵێت:- (قورئانیش بخۆ) جۆرێک لە هونەری خوازەی بنیات ناوە، کە زیاتر خۆی لە جۆری (پەیوەندی هۆیەتی)دەبینێتەوە، کە مەبەست لێی ئەوەیە ،(کە ناوی هۆو سەبارەتێک ببرێ و مەبەست بەرهۆ بێت)٠

شاعیر ڕستەی ( قورئانیش بخۆ )ی بۆ مەبەستی دروستی خۆی بەکارنەهێناوە، چونکە وەک ئاشکرایە، (قورئان)ناخورێت، بەڵکو بۆ مەبەستی سوێندخواردن بەکارهێناوە، تا ببێت بە بەڵگەو شاهید بۆ ئەو زەوییەی،کە(لالە باس) بە هی خۆی دەزانێت.

هەروەها دەکرێت بڵێین (دڵدار) لە دەقی (ئەی کورد)ەکەیدا وێنەیەکی نوێی لە (خواســتنی درکاو)، کە جۆرێکە لە هونەری (ڕوونبێژی) بەکارهێناوە، هەروەکو دەڵێت:-

زەمان ئێمە بە شیشی غەم لەسەر ئاور ئەبرژێنێ

سەری سوڕما لەجەهلی تۆ هەتاکەی تۆ نەبرژاوی (دڵدار،١٩٧١، ٢٠)

شاعیر لە نیوە دێری یەکەمدا دەستەواژەی (شیشی غەم)ی بەکارهێناوە، بەوەش وشەی (غەم)ی بە (گۆشت)تەشبیە کردووە.واتە (گۆشـت) لەو چووە، بەڵام فرێدراوە و تەنها پەیوەسـتێکی لێوەرگیراوە، کە (شـیش)و دراوە بە لێچوو،کە (غەم)ە.واتە شــاعیر بەهۆیەوە جۆری (خواســتنی درکاو)ی بنیـات نـاوە، کە (( هەر بنەڕەتی (لێچوو) بەکـاردێـت و (لەوچوو)فڕێ دەدرێت،بەڵام پەیوەستێکی لێ وەردەگیرێت و دەدرێت بە (لێچوو) )) (گەردی ، ١٩٧٢، ٧٧)

لە ڕاســتیـدا، بە زیـاتر ڕۆچونمـان بە نێو ئەلبومە شــیعریەکەی (دڵـدار)دا بەکـارهێنـان و ڕەنگـدانەوەی هونەرە ڕەوانبێژییەکـانمـان زیـاتر بەرچـاو دەکەوێـت، کە چۆن ڕۆڵی بەرچـاویـان گێڕاوە لە ڕەنگـاوڕەنگکردنی وینەو دەقە شیعریەکانی شاعیر.یەکێکی تر لەو هونەرە ڕەوانبێژیانە ، هونەری (دژیەک)ە، هەروەک و لە دەقی (ڕۆڵەی تازە)کەیدا لە دێڕێکدا ئاماژەی پێداوە، هەروەکو دەڵێت:-

سەر ڕێگەت هەمووی دانەیەو داوە

نادان و دانا لەوا داماوە ! (دڵدار ،١٩٧١، ٣٩)

شـاعیر لە نیوەدێڕی دووەمدا بەهۆی بەکارهێنانی هەردوو وشـەکانی (نادان) و (دانا)وە ،هونەری دژ بەیەکی بنیات ناوە، بەڵام لە جۆری (دژیەکی نەرێ)یە، کەبەهۆی ئامرازی نەرێی (نا)وە لەســەر وشــەی (دانا)دروســت بووە. بەوەش وشـەی(نادان)بووە بە دژی وشـەی (دانا). کەواتە (دژەکەی نەرێ)ئەو هونەرە ڕەوانبێژیە لە زانسـتی جوانکاری واتاییدا، کە (( دوو وشــەکانی بە نەفی ، یان نەهی بووبن بە دژ.واتە یەک وشــە بێ ،پاشــان نەفی، یان نەهی کرابێ.نەفی، یان نەهی وشەکە دەبێ بە دژی وشە ئەسڵەکە )) (گەردی ، ٢٠٠٢، ١٢٩)

هەروەها (دڵدار) لە دەقێکی تریدا و لە دێڕە شیعرێکی تریدا، توانیویەتی دژێکی تر بنیات بنێت. لە جۆری (دژیەکی ئەرێ)، کە ئەو جۆرە دژیەکە ، کە بەهۆیەوە (( دوو وشــەی جیاو ســەربەخۆ دژیەک بن. وشــەکان لەیەک ڕیشــەوە نەهاتبن))(گەردی،، ٢٠٠٢، ١٢٩) هەروەکو دەڵێت:-

ئەنوەرە بۆ گشتی عالەم ظلمەتی دوو زوڵفەکەت

ظلمەتە بۆ من بەتەنهائەنوەری ڕووخساری تۆ (دڵدار، ١٩٧١، ٤٥)

هەردوو وشــەی (ئەنوەر) و (ظلمەت)، کە دووجار بەکارهاتووە و لە هەردوو جارەکەشـدا دژیەکی ئەرێن و هەردوو وشەکە بە تەواوی لە ڕووی ڕووخسارو ناوەڕۆکەوە تەواو دژی یەکترن، بۆ هەموو کەسێک ، بەڵام بە داخەوە ڕووناکی و ســپێتی دەموچاوی یارەکەی بۆ شــاعیر بووە بە تاریکی و نائومێدی. واتە شــاعیر خۆی بە کەســێکی نەگبەت و بەدبەخت دەزانێ لەبەرانبەر یارەکەیدا و هیچ ئومێد و خۆشیەکی لێ چاوەڕوان ناکات .

یەکێکی تر لەو هونەرە ڕەوانبێژیانەی، کە شاعیر کەم تا زۆر توانیویەتی سوودی لێوەربگرێت. هونەری ڕەگەزدۆزی یە بە هەردوو جۆرەکەیەوە (تەواو) و (ناتەواو).بۆ نمونە ئەوەتا لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێت:-

ظالمی غارەت گەردی  تاڵان بەری بۆ گیان و دڵ

لەشکری تاتاریە دوو زوڵفەکەی تاتاری تۆ  (دڵدار ، ١٩٧١، ٤٥)



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

دڵدار دووجار وشەی (تاتار) ی لە نیوە دێڕی دووەمدا بەکارهێناوە، کە هەردوو وشەکە لە شێوە و نوسین و ژمارە و جۆری پیتەکاندا وەکو یەکن، بەڵام لە مانادا لە یەک جودان، بۆنموونە وشەی (تاتار)ی یەکەم بە واتای میللەتی (تەتەر)دێت، کە میللەتێکن لە وڵاتی (مەنغۆلیا )دەژین، بەڵام وشەی (تاتار)ی دووەم بە واتای (تاڵ تاڵ)دێت. واتە زوڵفی یار (تاڵ تاڵ)ە.بەوەش شاعیر توانیویەتی سوود لە هونەری (ڕەگەزدۆزی تەواو)وەبگرێت، کە ئەو جۆرە ڕەگەز دۆزیەیە،کە ((وشەکان کتومت شکلیان وەک یەک وایە. واتە لە جۆر و ژمارە و ڕیزی پیتەکان هەمان شتن. بەڵام مانایان جیاواز و سەربەخۆیە)) (گەردی، ٢٠٠٢، ٨٢) بێگومان، ئەوەش جۆرێکی ترە لە هونەری جوانکاری وشەیی.

هەروەها شاعیر لە دەقێکی ترو لە دێڕە شیعرێکی تریشدا بە هەمان شێوە هونەری (ڕەگەزدۆزی تەواو)ی بەکارهێناوە، هەروەک دەڵێت :-

دەسا (مەی) جامەکەی جامی سەری کەی بێ فەلاتون بێ

بنۆشە باوەڕیت وابێ، کە لەم کاروانە کاروانە (دڵدار، ١٩٧١، ٤٧))

شاعیر لە نیوە دێڕی دووەمدا دووجار وشەی (کاروان)ی بەکارهێناوە، کە لە ڕاستیدا هەردوو وشەکە لە ڕووی شێوە و نوسین و ژمارە و جۆری ڕیزی پیتەکانەوە وەکو یەک وان و هیچ جیاوازیان نییە، بەڵام ئەوەی هەیە (کاروان)ی یەکەم تەنها یەک وشەیەو بە واتای کاروان (مسیرة)دێت، بەڵام (کاروان)ی دووەم لە دوو بڕگە پێک هاتووە و بە واتای(کار بەو شێوەیەیە) واتە (کار + وان ) بەکارهاتووە و لە بنچینەشدا هەردوو وشەی (کاروان) کە لە واتاو مەبەستدا لە یەک جیاوازن.

شاعیر لە هەمان دەقی شیعریدا لە دێڕیکی تریدا توانیویەتی هونەری (ڕەگەزدۆزی ناتەواو) دروست بکات، کە ئەو جۆرە ڕەگەزدۆزیەیە تێیدا (وشەکان کت و مت شکڵیان وەک یەک نیە، لە سێ مەرجەکەی ڕەگەزدۆزی تەواو (جۆر و ژمارە و ڕیزی پیتەکان ) یەکێکیان کەم بێت.واتە، یان جۆری پیتێکیان جیا بێ یان ژمارەی پیتەکانیان بەقەد یەک نەبێ، یان ڕیزی پیتەکانیان گۆڕابێ. نابێ دوو مەرج پێکەوە لە یەک وشەدا کەم بن ، هەربۆیە ئەگەر دوو مەرجی جیاواز لە وشەکانی کەم بێ،وشەکان نابنە ڕەگەزدۆزی ناتەواو)(گەردی، ٢٠٠٢، ٨٣)نموونەی ئەو ڕەگەزدۆزیەش وەکو :-

بە مەستی خۆت لە پەستی عەقڵ و ئەندێشە تەوەللاکە

ئەوی ڕۆییوە ڕۆییوە ، ئەوەی نەبووە لە پەنهانە (دڵدار ، ١٩٧١، ٤٧))

شاعیر لە نیوە دێڕی یەکەمدا هەردوو وشەی (مەستی ) و (پەستی) بەکارهێناوە.ئەم دوو وشەیەش لە ژمارە و ڕیزی پیتەکانیان وەک یەکن ، بەڵام تەنها جۆری پیتی یەکەمیان جیاوازە و یەکەم بە (م) دەست پێدەکات،دووەمیشیان بە (پ) دەست پێدەکات.ئەمەش وایکردووە ئەو دوو وشەیە لە سێ مەرجەکەی ڕەگەزدۆزی تەواو (جۆر و ژمارە و ڕیزی پیتەکان)یەکێکیان کەمە، کە جۆری پیتی یەکەمە ، ئەوەش بۆتە هۆی دروستبوونی جۆری هونەری (ڕەگەزدۆزی ناتەواو) ئەمە جگە لەوەی وشەکان لە ڕووی واتاوە لە یەک جیاوازن.

یەکێکی تر لەو هونەرە ڕەوانبێژیانەی تر ، کە شاعیر سوودی لی وەرگرتووە هونەری (تیل نیشان)ە، کە جۆرێکی ترە لە هونەری جوانکاری واتایی و لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە تێیدا شاعیر((لە هۆنراوەکەیدا هێما بۆ داستانێک، یان کارەساتێک، یان پەندێکی پێشینان،یان ئایەتێکی قورئان بکا ))(گەردی، ١٩٧٥، ١٠٣) نموونەی ئەمەش،هەروەکو شاعیر لە چوارینێکیدا دەڵێت:-

جا لەنێو پاش هەر کە شەو دێ پاشی تەسبیح و صلات

پڕ ئەدەیتە داستانی (قیس و لیلا) و عصات

وا دەزانی چاوەدێرن مەجلسی (پاشا) لە ڕات

وشکە ڕۆیینت نەماوە ئێستا بویتە هرولە (دڵدار ، ١٩٧١، ٥١)

شاعیر لە نیوە دێڕی دووەمدا هێما بۆ داستان و بەسەرهاتێکی دڵداری عەرەبی دەکات لە نێوان (قیس) و (لەیلا)دا، کە بە شێوەیەک عاشق و شەیدای یەک بوو بوون ناوبانگیان چووبووە دەرەوەی سنوری وڵاتەکەیان.

هەروەها لە دێڕە شـیعرێکی تریشـدا، شـاعیر توانیویەتی سـوود لە لە هونەری (تیل نیشـان)وەربگرێ هەروەکو دەڵێت:-

عبادەت چی بوو نەتزانی بە غیرەز نێرە بیدۆشە

سەری خۆت بۆ دەیێشێنی صفا نسیانە نسیانە (دڵدار ، ١٩٧١، ٤٧)

شاعیر لە نیوەدێڕی یەکەمدا بەهۆی عیبادەت و پەرستشێکی زۆرەوە، کە نەگەیشتۆتە خاڵی کۆتایی و بەهۆیەوە کارێکی تـەواوی ئـەنجام نـەداوە، هێما بـە پـەنـدێکی کوردی دەکات، کـە دەوترێـت :- ((من ئـەڵێم نێرە، ئـەو ئـەڵێ بیدۆشە))(خاڵ ، ١٩٥٧، ١٤٩) واتە دوو شت تەواو پێچەوانە و دووربن لە یەکترەوە.

یەکێکی تر لەو هونەرە ڕەوانبێژیانەی دیکە، کە شاعیر لە میانی هەندێک لە دەقە شیعریەکانیدا ، ڕەنگی داوەتەوە، هونەری (ڕوو لەو کردن)،کە یەکێکی تر لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی هەروەکو کە دەقی (ئەی کورد)ەکەیدا ئاماژەی پێداوە و دەڵێت:-

ئەرێ ئەی کورد لە نێو گەلدا هەتا کەی ماتو داماوی

کە عالەم سەربەخۆن گشتی ئەتۆش پەیوەندی نێو داوی

دەسا بیرێ لە حاڵی خۆت بکە و هەستێ بە زیللەت کە

بەڵی دوێنێکە ڕاوکەر بووی وئێستاکە بەخۆت ڕاوی(دڵدار،١٩٧١، ٢٠)

شـاعیر لەو دەقە شـیعرییەیدا بە شـێوەیەکی ((ڕاسـتەوخۆ لەگەڵ میللەتی کورددا، کەوتۆتە گفتوگۆکردن، ڕووی پرسیار و ئامۆژگارییەکانی لەو کردووە،ئەمەش (ڕوولەوکردن)ە.))(مستەفا ، ٢٠٠٣، ١٣٢)

هـەروەها یـەکێکی تر لـە هونـەرەکـانی جوانکـاری واتـایی،هونـەری (ڕونکردنـەوەییـە)، کـە شـــاعیربێ بـاکـانـە و هونەرمەندانە توانیویەتی سـوودی لێوەربگرێت و لە بنیاتی یەکێک لە دەقە شـیعرییەکانیدا ڕەنگی پێداوەتەوە، کە شـاعیر مەبەسـتێتی بەهۆی بەکارهێنانی ئەو هونەرەوە، کە (بریتییە لەوەی شـاعیر، یان نوسـەر دوای ئەوەی باس لە شـتێکی دیاریکراو دەکەن، دواتر پرسـیار بۆ شـتەکە دروسـت دەکەن و بە وەڵامی پرسـیارەکە شـتەکە چاکتر ڕوون دەکەنەوە بۆ تێگەیشتنی بەرامبەر) (مستەفا، ٢٠٠٣، ١٤٦) ڕوونکردنەوە لەسـەر دیاردە و بابەتێک بدات، کە لە نێوان (جوتیار) و (کوێخا)ی گونددا ڕوویداوە، هەروەکو شاعیر دەڵێت:

نرخی ئارەقەی ڕوونی ماندووییم

تیکە نانێکە چ نان نانەجۆ

ئەویش بەبێ دۆ (دڵدار، ١٩٧١، ٥٨)

شاعیر لەسەر زاری(لالە باس)ەوە وەسفێکی تەواوی جۆری نانەکەی کردووە، کە نانی خۆیە مخابن ئەو نانی جۆیە هیچ جۆرە پێخۆرێکی لەگەڵدا نییە بگرە ژیانێکی کولە مەرگیەو مەمرەو مەژی ژیانێکی سەخت بەڕێ دەکات. تەنانەت ،نانە جۆکە جامێک دۆیشی لەگەڵدا نیە، بەڵکو هەر وشکە جوو، کە بەڕاستی ژیانێکی زەحمەت و گرانە.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

یەكێكی تر لە رەنگدانەوەی هونەرەكانی جوانكاری واتایی،هونەری (پێچ و پەخش)،كە لە نێو یەكێک لە دەقە شیعرییەكانی (دڵدار)دا بە وردی هەستی پێ دەكرێت و بوونی هەیە، هەر وەكو لە دەقی شیعری (دڵ)ەكەیدا دەڵێت:-

دڵ لە بەینی طلعەتی ڕوو و زوڵفەكەی دە یجوورتە

گاهێ مەیلی شەو ئەكات و گاهێ مەیلی نوورتە (دڵدار،١٩٧١، ٣٢)

شاعیر لە نیوە دێڕی یەكەمدا و لە پێشەوە هەردوو وشەی (ڕوو) لەگەڵ (زوڵف)ی بەكارهێناوە و وشەی (ڕوو)ی خستۆتە پێش وشەی (زوڵف)ەوە،بەڵام بەهۆی سوود وەرگرتن لە هونەری لێكچواندن هەردوو وشەی (ڕوو) بە (نوور) و (زوڵف) بە (شەو)تەشبیە دەكات..بەوەش (شەو) پێش (نوور) دەخات. ئەمەش ئەوە دەردەخات، كە یەكەم وشەی كرانەوەكە، كە وشەی (شەو) بۆ دووەم وشەی (زوڵف)،كە پێچانەكەیە دەچێتەوە. هەروەها دووەم وشەش، كە وشەی (نوور)ە بۆ وشەی (ڕوو)دەچێتەوە، كە یەكەمە. بەو هونەرەش دەگوترێ (پێچ و پەخشی ناڕێک)،چونكە ((ڕیزی ڕەگەزەكانی پێچ، وەكو ڕیزی ڕەگەزەكانی پەخش نیە)) (گەردی، ٢٠٠٢، ١٣٩) هەر بۆیە جۆری پەیوەندیەكەش لەوچووە.

دەوڵەمەندی بەكارهێنان و ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو هونەرە ڕەوانبێژیانە لەنێو بەشێكی زۆری دەقە شیعرییەكانی شاعیردا وایكردووە، هێندەی تر تام و چێژی شیعرەكان لەلای خوینەر زیاتر بن و هێندەی تریش جوانی و ناسكی ببەخشێت بە بنیاتی دەقە شیعرییەكان، كە هەموو ئەوانەش نیشانەی تواناو سەلیقەی وردی شاعیر دەردەخەن.ئەوەتا لە یەكێكی تر لەو هونەرە ڕەوانبێژیانەی ،كە سوودی لێوەرگرتووە،هونەری (تێهەڵكێش)ە، كە یەكێكی ترە لە هونەرەكانی جوانكاری وشەیی.هەروەكو لە دەقی (ئەی خودایە)كەیدا لە یەكێک لە دێڕە شیعرەكانیدا بەهۆی سوود وەرگرتن لە یەكێک لە ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز بنیاتی دێڕەكەی لەسەری بنیاتی ناوە ،هەروەكو دەڵێت:-

ڕۆژێ فەرمووت (لیس للانسان الاما سعی)

هیچ كەسێكیش هێندەی فەللاح ئیش و كێڵانی نیە (دڵدار ، ١٩٧١، ٢٣)

شاعیر هونەرمەندانە توانیویەتی سوود لە ئایەتی ژمارە (٣٩) لە سورەتی (نجم) وەربگرێت، كە ئایەتێكی تەواوە و گەیشتۆتە ئاستی ڕستەیەكی تەواو و تێهەڵكێشی شیعرەكەی خۆی كردووە، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر ئاماژەی بەوەش كردووە، كە ڕستە وەرگیراوەكە ئایەتێكی قورئانی پیرۆزە،هەروەكو لە ناونیشانی دەقە شیعرییەكەدا هاتووە.

هەر لە چوارچێوەی ڕەنگدانەوەی زیاتری هونەری جوانكارییدا،(دڵدار) بەمەبەستی زیاتر ڕەنگاڵە كردنی ئەلبومە شیعرییەكەی سوودی لە هونەری (پاتكردنەوە)ش وەرگرتووە،كە یەكێكە لە هونەرەكانی جوانكاری وشەیی ، كە ئەم هونەرە خۆی لە دوو توێی دووپاتكردنەوەی وشەیەک ،یان دەستەواژەیەک ، یا ڕستەیەک دەبینێتەوە ،كە لەلایەن شاعیرەوە بۆ چەند جارێک پاتی بكاتەوە.ئەوەش ((بۆ چەند مەبەستێكی تایبەتی،بەو مەرجەی هەموویان واتایان یەک بێت و لە جارێكەوە بۆ جارێكی تر واتایان نەگۆڕێ.واتە،نابێ وشەكان نە لە ڕواڵەت و نە لە گوزارەدا هیچ گۆڕانیان بەسەردا بێت))(گەردی، ١٩٧٥، ٤٧)

بۆ ئەو مەبەستە جوانكارییە وشەیەش،شاعیر لە چەند شوێنێكی ئەلبومە شیعرییەكەدا ئەو وێنە هونەرییەی دوپاتكردنەوەی بەكارهێناوە. بۆ نمونە لە دەقی (مەی)ەكەیدا دەڵێت:-

فەرقی ئینسان و وولاغ ئەندێشەیە، ئەندێشەیە

بۆ نەمانی عەقڵ و ادراک مەی دزێكی كاریە (دڵدار، ١٩٧١، ٢٥)

وەک دەبینین ، شاعیر لە ڕوویەكی فەلسەفییەوە جەخت لەو ڕاستیە دەكاتەوە، كە جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ ئەندێشەیە، هەربۆیە شاعیر لە نیوە دێڕی یەكەمدا دووجار وشەی (ئەندێشە)ی پاتكردۆتەوە و هەموویان واتایان

یەکە.لە ڕاستیدا ، هونەری پاتکردنەوەکەش خزمەتی دەربڕینی ئەو تێڕوانینە فەلسەفییە دەکات، کە شاعیر وەکو جیاوازییەک لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا کردوویەتی.

هەروەها شاعیر لە دەقی شیعریی (بڵێ سەربەسی ئەی لاو)ەکەیدا،کە دەقێکی پێجنینە بەهەمان شێوە هونەری (پاتکردنەوە)ی بە شێوەیەکی جوان و ناسک بەکارهێناوە، هەروەکو دەڵێت:-

بە گوڕ تۆ بێیتە مەیدان و حقوقی گشتی داواکەی
بە یادی نەوجەوانانی شەهیدان گیان بەرپاکەی
بە تیشکی حەق خوراوی کورد دڵی تاریکی ڕووناکەی
بزانی سا بەسەرچوو وەختی بەدمەستی و بەدمەستی
لەگەڵ لاوی نەهێنی کورد بڵێ سەربەستی، سەربەستی (دڵدار، ١٩٧١، ٤٨)

شاعیر لە نیوەدێڕی چوارەمدا دەستەواژەی (بەدمەستی) دووجار پاتکردۆتەوە،کە هەردوو دەستەواژەکە یەک واتایان هەیە ئەوەش بەو مەبەستەی، کە دەیەوێ لاوی کورد لەو ڕاستیە هۆشیار بکاتەوە ، کە کاتی بەدمەبەستی و بێ ئاگایی بەسەرچووە.ئەمە جگەلەوەی هەر لە هەمان دەق و تەواوی دەقە شیعرییەکەدا وشەی (سەربەستی) چەندین جار پاتکراوەتەوە. وە لە هەموو پاتکراوەکانیشدا یەک واتایان هەیە...

یەکێکی تر لەو هونەرە ڕەوانبێژیانەی ، کە لە نێو هەندێک لە دەقە شیعرییەکانی (دڵدار)دا بەرچاو دەکەون هونەری ڕەنگامەیە (مولەممەع)ە، کە یەکێکی ترە لە هونەرەکانی زانستی جوانکاری وشەیی، شاعیریش بەشێوەیەکی جوان و سەردەمیانە سوودی لێ وەرگرتووە، هەروەکو لە دەقی شیعری (کانی)ەکەیدا دەڵێت:-

سەن دەخی ئاغا بزی بیر بویلە مەدح (( ریت شاعری
تۆ لە کوێ؟ ئینشا لەکوێ؟ هەی کۆنە سۆفی قادری
کۆنە دەروێشی ئەزانم تەقلەبازی ماعیری
شمدیلک بستر ئەفەندم یوقسە چوق قالمش هەلە (علاءالدین ، ١٩٨٥، ٢٠٩)

ئە دەقە، چوارینێکە لە کۆی شیعرێکی (٧)چوارینەیی، کە (دڵدار) لەگەڵ (جاهید)ی شاعیر پێکەوە نووسیویانە و لە شاری (ڕانیە) وە بۆ (کانی)شاعیریان ناردووە لە هەولێر،بەڵام وەک لە دەقە شیعرییەکەدا دەردەکەوێ، شاعیران ڕەچاوی بەکارهێنانی دێڕە شیعری تورکیان نەکردووە لەنێو هەموو چوارینەکانیدا بە شێوەیەکی یەکسان، بەڵکو لە هەندێک لە چوارینەکاندا هەندێکجار ڕەچاوی بەکارهێنانی نیوەدێڕی شیعری تورکی کراوە بەمەبەستی زیاتر جوان کردن و ڕەنگاڵە کردنی هەندێک لەوچوارینانە ، هەروەکو ئەمەی کە ئاماژەمان پێداوە کە لە نیوە دێڕی یەکەم و چوارەمدا، دەبینین شاعیران (دڵدار) و (جاهد) نیوەدێڕی شیعری تورکییان ئاوێتەی نیوە دێڕە شیعرە کوردیەکانی خۆیان کردووە، بەڵام بە شێوەیەکی لاسەنگ و ناهاوتا٠بەوەش (ڕەنگامەی لاسەنگ)یان بنیات ناوە ، کە ئەو جۆرە شیعرە دەگرێتەوە ، کە تێیدا(ئەو زمانانەی، کە لە شیعرەکەدا بەکارهاتوون بەقەد یەک بەکارنەهاتبن، بەڵکو تەنیا لەتێک، یان دێڕێک ، یان چەند دێڕێکیان بە زمانێکی دیکەیە)(گەردی، ٢٠٠٢، ١١٠)

کەواتە ئەوەی لەو دەقە شیعرەدا بەرچاودەکەوێت، ئەوەیە دابەشبوونی هەردوو زمانی کوردی و تورکی بەشێوەیەکی یەکسان نیە ، بەڵکو هۆنینەوەی شیعرەکە بە زمانی کوردی زیاتر و تەنها لە هەندێک شوێندا جارە جارە نیوەدێڕی شیعری بە زمانی تورکی تێکەڵ کراوە و هیچی تر، ڕەنگە هەموو ئەوانەش زیاتر بۆ جوانی و ڕاکێشانی



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

سەرنجی خوێنەر و خستنەڕووی تواناو سەلیقەی شاعیران (دڵدار) و (جاهید)بوو بێت،بەڵام بەهەمان واتا، کەلەگەڵ دێڕە شیعرییە کوردییەکاندا هاوتابن و کۆی هەر چوارینەیەک واتایاکی دیاریکراوی هەبێت.

هەر بە هەڵدانەوەی سەرجەم دەقە شیعرییەکانی (دڵدار)ی شاعیر پایە بڵندی کورد لە ڕووی خستنە ڕووی بەکارهێنان و سوود وەرگرتنی لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی ، گەلیک دەقی شیعریی دیکەمان بەرچاو دەکەوێت،کە هونەری ڕەوانبێژی تر و جۆری تر سەرکەوتووانە بەکارهێناوە.هەربۆیە یەکێکی تر لەو هونەرە ڕەوانبێژیانەی دیکە ، کە دەچێتە خانەی زانستی واتا ناسییەوە ئەویش هونەری(خەبەر)ە،یان (هەواڵ)ە.نمونەی ئەمەش وەکو ئەوەی شاعیر لە دەقی (ئەی ڕەقیب)ەکەیدا دەڵێت:-

لاوی ئێستا حازر و ئامادەنە

جانفیدانە،جانفیدانە،جانفیدان (دڵدار، ١٩٧١، ١٧)

شاعیر لەو دێڕە شیعرەیدا ڕوودەکاتە دوژمن و خەبەری ئەوەی دەداتێ،کە لاوانی وڵاتەکەی لە هەموو ساتە وەختێکدا، بە تایبەتیش لە کاتی ئێستا زۆر بە جۆش و خرۆشەوە ئامادەی گیان بەخشینن لە پێناوی ئازادی گەلەکەیان و سەربەخۆیی وڵاتەکەیاندا،هەر بۆیە لە ڕووی جۆری ئەو (خەبەر)ەشەوە،خەبەرەکە ،(خەبەرێکی نکوولی)یە، کە تیایدا (زۆر جەختی تێدایەو جەختەکانیش زۆر بەهێزن،ئەوەش بۆ گوێگرێکە نکوولی لە ناوەرۆکی خەبەرەکە بکا.جگە لەوەش جەختە زۆر بەهێزەکان یارمەتی قەناعەت پێهێنانی دەدەن))(گەردی ،، ٢٠٠٢، ١٦٤)

هەروەها هەر لە دوو توێی لێکدانەوەی زیاتری ئەو دێڕە شیعرەدا، دەبینین (عەبدولقادر محەمەد ئەمین) لە کتێبی (وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسی کوردی دا)ەکەیدا،لە ڕووی بنیاتەوە بە (بنیاتی ئامادەیی)داناوە و پێی وایە،کە ((بنیاتی ئامادەیی، لە دەقی شیعری (ئەی ڕەقیب)دا لە (١١-١٢)ی دەقی گرتۆتەوە، بنیاتێکی کورت خایەنە و پێکهاتەی بە دوو دێڕ بنیاتنراوە لەناو دەقدا،بە پێی وێنەی بنیاتی دەق پێدەچێت،کە (خود) ڕق و کینەی لە دڵ بێت بەرامبەر ڕەفتاری ڕەقیب، بۆیە لەم بنیاتەدا ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕەقیب دا لە ئاخافتندایە و جۆرێکیش لە ئامادەیی و سەربەخۆیی پیشان ئەدات، هەردوو جەمسەری (خود – ڕەقیب) لە خاڵێکی هاوبەشدا یەکتر ئەبڕن،ئەویش بوون و کەسێتی هەریەکێکیانە،ئەگەرچی ڕەفتاری ڕەقیب لە دەقەکەدا بە وشە دیار نییە، بەڵام ڕق و کینە و داخ لە دڵی شاعیر ئەوە نیشان دەدات،کە هەردووک (خود – ڕەقیب) ئەیانەوێت ئەو (بوون)ەی خۆیان بسەلمێنن))(ئەمین، ٢٠٠٢، ١٥٦)

ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات، کە تێیدا دۆخی (بوون) بە ڕێژەیەک هاوبەشەو هەردوو جەمسەر پێشبڕکێی لەسەر ئەکەن بەمەبەستی کارئاسانکردنی ئەو مەیدانە، کە وێنەکانی بنیاتەکە بەم شێوەیە خۆیان ئەنوێنن.

هەروەها یەکێکی تر لە هونەرەکانی زانستی واتاناسی (داڕشتن)ە (انشاء)،کە تێیدا (دڵدار) سەرکەوتووانە توانیویەتی سوودی لێوەربگرێت بۆ بنیات و برەودانی هەندێک لە دەقە شیعرییەکانی، نمونەیی ئەمەش وەکو:-

تۆ ئەزانی ئەی وەتەن ئیمڕۆکە بۆچی بێ بەشی؟

بۆچی دەستی شەو نیشانی تۆ ئەدا نامەی ڕەشی (دڵدار، ١٩٧١، ٢٦)

شاعیر لەو نمونە شیعرییەدا ڕوودەکاتە نیشتمانەکەی و دوو جۆرە پرسیاری لێدەکات، یەکێکیان ئەوەیە بۆچی بێ بەشی؟ واتە بێ بەش لە ئازادی و سەربەخۆیی و پێڕەوانەبینینی بەسەرەتایترین مافی ژیان.... پرسیارەکەی تریشیان ئەوەیە ، کە بۆچی شەو نامەی ڕەشت دەداتێ؟ واتە نامەو هەواڵی ڕەشبینی و نائومێدی... بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە،کە هاتنی پرسیارەکان بۆ واتای دروستی شێوازی پرسیاری پرسیاری نەهاتوون، بەڵکو لە هەردوو پرسیارەکەدا شێوازی نکوولی پێوە دیارە و لە بنەڕەتدا بۆ داخوازی زانیاری هاتوون. واتە پرسیارەکان بۆ بنیاتی شێوازی هونەری (ئینشای

داخوازین). ئەمەش مانای وایە داخوازییەکە بۆ مانای دروستی خۆی بەکارنەهاتووە و مانایەکی خوازەیی پرسیاری دەگەیەنێت.

بەڵام (دڵدار) لە دەقی (منداڵی هیوا)کەیدا لە دێڕە شیعرێکدا، کە بەهەمان شێوە هونەری ئینشائی بەکارهێناوە، دەبینین جۆرێک لە هیوا و ئاواتی تێدا بەدی دەکرێت،هەروەکو دەڵیت:-

هیوام بە تۆیە ئەی تازە مناڵ

بەیانی ببیە نمونەی میسال (دڵدار ، ١٩٧١، ٣٧)

وەک دەبینین،شاعیر لە ڕێی ئەو دەقە شیعرییەوە ڕوودەکاتە منداڵانی نەتەوەکەی و هیواو ئومێدی ئەوەی پێیانە،کە لە دواڕۆژدا ببنە نمونەی کەسانی چاک بۆ خزمەتی گەل و وڵاتیان بەوەش ئەو شێوازە ئینشائە دەچێتە جۆری هونەری ئینشائی ناداخوازییەوە، کە تێیدا هێڤی و ئاواتی لەخۆگرتووە. واتە ((هێڤی ئەوەیە داوای شتێ لە یەکێک بکەی ، یا شتێکی لێ ڕەچاوبکەی و ئەوشتە لەوانەبێ بێتە دی))(گەردی، ١٩٧٩،٣١)هەربۆیە یەکێکیش لە ئامرازەکانی هێڤی ئەوەیە، کە هیوای تێدابێت.

هەروەها شاعیر لە دەقی (لالەباس) ەکەیدا جارێکی دیکە سوود لە هونەری ئینشائی داخوازی وەردەگرێت و لە بنیاتی یەکێک لە دێڕە شیعرەکانیدا ڕەنگی پێداوەتەوە،هەروەکو دەڵێت:-

پێی ووتم : پیرەی سمێڵ کلکە سە

یا تاپۆ بدە یا بارکە و بڕۆ (دڵدار، ١٩٧١، ٥٧)

شاعیر لەسەر زاری (لالەباس)ەوەبە شێوەی فەرمانکردن، فەرمانی پێکراوە بەشێوەی مەرجدار،کە یان دەبێت تاپۆی زەوییەکەی تەسلیم بکات، یان دەبێت ئەو شوێنە بەجێ بهێڵێت و بڕوات.لە ڕاستیدا،((ئەمەش پێی دەگوترێ فەرمانی (دروست-حقیقی)جاری وا هەیە فەرمان لە مانای دروستی خۆی دەردەچێ،کە داوای بە جێهێنانی کارێکە لە ڕووی زەبر بەدەستییەوە و مانایەکی تر دەگەیەنێ، کە لە ڕەوتی ڕستەکەدا دەردەکەوێ،ئەمەش پێی دەگوترێ فەرمانی (خوازەیی)) (گەردی، ١٩٧٩، ٣٢،)

کەواتە هونەری داخوازی فەرمانی ، ئەوەیە،کە یەکیک لە ڕوانگەی دەسەڵات و گەورەییەوە داوای جێبەجێ کردنی کارێک لە یەکێکی لەخۆی بەرەو ژێرتر بکات.هەروەها (دڵدار) بەهەمان تەوژم و ئاراستە و سوود وەرگرتنی زیاتر لە هونەری ئینشائی و ڕەوتی ڕووداوەکانی ژیان،توانیویەتی بە جۆریکی دیکە سوود لەو هونەرە باڵایە وەربگرێت و وێنەیەکی تری جوانتری پێ بنیات بنێ، هەروەکو لە دەقی (خەندەکەی بایی)ەکەیدا دەڵێت:-

بڕۆ ناو ئابیدە و سەیری چە پیرۆز جاویدانێکە

وەرە نێو ئابیدەت تا من لەبەرڕێت دا بدەم ئەژنۆ (دڵدار، ١٩٧١، ٥٤)

شاعیر ڕووی دەمی قسەدەکاتە دولبەرەکەی و بەسەرسوڕمانەوە پێی دەڵێت:- (سەیری چە پیرۆز جاویدانێکە) واتە شاعیر داوای ژیانێکی نەمری و جاویدانی لە دولبەرەکەی دەکات،تا لەبەرانبەریدا بکرێتە سەر ئەژنۆ و داخوازییەکانی بۆ جێبەجێبکات .بەوەش شاعیر توانیویەتی هونەری ئینشائی ناداخوازی سەرسامی بنیاتبنێ و جۆرێک لە ناسکی بدات بە دەقە شیعرییەکەی،واتە فەرمان وداخوازییەکەی شاعیر لە دولبەرەکەی بۆ سەرسوڕمانە .

لە میانی زیاتر ڕۆچوونمان بەنێو ئەلبومە شیعرییەکەی (دڵدار)دا گەلێک نمونەی دیکەی هونەری ئینشائیمان بەرچاودەکەویت. بۆنمونە ئەوەتا لە دەقی (قەل و ڕێوی)ەکەیدا دەڵێت:-



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ووتی ئەوجا بەسە نەفام

گوێت لێ بێ ڕێوی بۆت بڵێ

وەختێ شتێکت گرتە دەم

کەرمەبە گۆرانی مەڵێ (دڵدار ، ١٩٧١، ٣٤)

شـاعیر لەسـەر زاری (ڕێوی)ەوە ئامۆژگاری (قەل)ی بەسـتەزمان و نەفام دەکات،کە ئەگەر هەر کاتێک خواردنێکت بەدەمەوەیە قسـە مەکە ، با خواردنەکەت لە دەم نەکەوێتە خوارەوە ، چونکە لە دەسـتت دەردەچێ و کەسـانی تر سوودی لێ دەبینین لە دواجاریشدا پەشیمان دەبیتەوە.بەوشێوەیە شاعیر هونەرمەندانە توانیویەتی جۆرێکی دیکە لە هونەری ئینشائی داخوازی لە قاڵبی ئامۆژگاری بنیات بنێت.

هەروەها لە دەقی(تووتنەوان)ەکەیدا،شـاعیر توانیویەتی بەشـێوەیەکی دی هونەری ئینشـائی داخوازی لە بنیاتی دەقە شیعریەکەیدا و لە دێڕێکیدا بەرجەستە بکات، کە زیاتر لە شێوەی هەڕەشەکردندایە،کە ئەوەش جۆرێکی دیکە لە هونەری ئینشائی داخوازی، هەروەکو دەڵێت:-

کوێخاکە ووتی: سەلامەت نەبی

وە کوێرایی چاو وە ملی شکاو (دڵدار، ١٩٧١،٦٨)

هەروەها یەکێکی تر لەو هونەرە ڕەوانبێژیانەی دیکە، کە لە سـنور و چوارچێوەی زانسـتی واتاناسـی دایە، هونەری درێژبڕیە،بێگومان، فەلسـەفەو جەوهەری ئەم جۆرە هونەرە لە یەکێک لە مەبەسـتەکانیدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ، کە بۆ ڕوونکردنەوەی جۆرە قسەو ئاخاوتنێکە ، کە جۆرێک ناڕوونی و ئاڵۆزی تێدایە ، واتە گوێگر و کەسی وەرگر ناتوانێت بە ئاسـانی لە مەبەسـتی قسـەکەر تێبگات ، یان باش حاڵی نابێت بۆیە بە ناچاری پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی دربڕینی زیاتر، تا مەبەسـتەکە ڕوون بێتەوە و وەرگر بەتەواوی وەریدەگرێت. نموونەی ئەمەش وەکو ئەوەی (دڵدار) لە دەقی (دووسوار)ەکەیدا ئاماژەی پێداوە و دەڵێت:-

خێرا هاتەوە، بە ڕوویەکی خۆش

ووتی:بەخەربێن.. بەخێربێ ی کوێخا (دڵدار، ١٩٧١، ٦٨)

ڕسـتەی (بەخێربێن)لە بنەڕەتدا گوتنێکی گشـتییەو سـەرجەم میوانەکان دەگرێتەوە،کە هاتوونەتە ئەوێ،تەنانەت (کوێخا)ش دەگرێتەوە،پاشـان لەنێو سـەرجەم میوانەکاندا، قسـەکەر بەتایبەت ڕوودەکاتە(کوێخا) و پێی دەڵێت:- (بەخێربێی کوێخا).دیارە، بەلای خاوەن ماڵەوە (کوێخا)لە هەموویان گرنگتربێ،چونکە جەختی لەسـەر کردۆتەوە و پێداگری لەسەر کردووە،ڕەنگە ئەوەش هۆکاری تایبەتی خۆی لە پشتەوە بێت و لە (کوێخا) بترسێت،چونکە چارەنوسی ئارەق ڕشـتنی ئەو هەموو سـاڵەی لە دەسـت کوێخادایە . هەربۆیە لە ڕووی سـیاقی دەقە شـیعرییەکەوە،ئەگەر ئەو ڕسـتەیەی(بەخێربێی کوێخا)ی تێدا نەبووایە ، ئەوا گوتنەکەو بەخێرهاتنەکە دەبووە شـتێکی ئاسـایی،بەڵام مادام ڕسـتەیەی (بەخێربێی کوێخـا)ی بۆ زیـادکراوە و بەکارهـاتووە ،هونەری دەربڕینەکە بووە بە (درێژبڕی)، کە لە ڕووی داڕشتنەوە بووە بە درێژدادڕی و بۆ بایەخ پێدانە، بەڵام لە ڕووی واتاوە هیچی زیادەی تێدا نییە.

هەروەها شـاعیر لە دەقی (لالەباس)ەکەشـیدا لە کۆتاییدا بە نموونەیەکی هونەری (درێژبڕی) کۆتایی بە دەقە شیعرییەکەی هێناوە، هەروەکو دەڵێت:-

نرخی ئارەقەی ڕوونی ماندوویم

تیکە نانێکە چ نان نانە جۆ

ئەویش بەبێ دۆ (دڵدار،١٩٧١،٥٨)

لە ڕاستیدا، ئەگەر شاعیر هەرئەوەندەی بگوتبایە: (نرخی ئارەقەی ڕوونی ماندوویيم تیکە نانێکە)و هیچی دیکەی نەگوتبایە و لەوێدا کۆتایی بە دەربڕینەکەی بهێنایە وڕوونکردنەوەی لەسەر قسەکەی خۆی نەدایە و نەی گوتبایە : (نانە جۆ، ئەویش بە بێ دۆ) ئەوا گوێگر وا تێدەگەیشت، کە ئەو نانە ، نانی گەنمە پێخۆریشی لەگەڵدایە، بەڵام بۆ ئەوەی گوێگر هیچ لێکدانەوە و تێگەیشتنی خۆی نەخاتە ڕوو، بەڵکو سنوری بۆ بیرکردنەوەکەشی داناوە و وای لێکردووە.شتی وای بە خەیاڵدا نەیەت،بۆیە شاعیر هاتووە زیاتر مەبەست و دەربڕینەکەی ڕوونکردۆتەوە و درێژەی پێداوە،کە ئەو تیکە نانە نانی جۆیە و تەنانەت دۆشی لەگەڵدا نییە.

هەروەها لە نمونەیەکی تری هونەری (درێژبڕی)دا،(دڵدار) لە دەقی (حەساوکردن)ەکەیدا، کە تیایدا کێشەی نێوان کابرای (توتنەوان) و (کوێخا)ی خستۆتە ڕوو، بەوەی لە دوای ئەو هەموو ڕەنج کێشان و ئارەق ڕشتنەی کابرای توتنەوان دا، کوێخا غەدرێکی زۆری لێدەکاو بەشی زۆری بەرهەمەکەی بۆخۆی دەبات، هەروەکو دەڵێت:-

گەر پارەت دەوێ توتن سەلەم کە

لەسەر بەشی خۆت هەرچەندی بکا! (دڵدار،١٩٧١،٧٤)

کە کوێخا دەڵێت:- لە جیاتی پارە تووتن سەلەم بکە، لێرەدا ڕەنگە پیاو وای بە خەیاڵدا بێت، کە ئەو سەلەمە لەسەر حسابی بەروبوومی زەویەکە بێ، کە تێیدا هەردوولا بەشدارن، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە.هەر بۆیە ئەم حاڵەتە وای لە شاعیر کردووە ، کە درێژە بدات بە زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە لەسەر ئەوەی، کە ئەو سەلەمە بەداخەوە دەبێ لەسەر بەشی توتنەوانی داماو و کڵۆڵ بێ، نەک تێکڕای بەرهەمەکە.

## جۆرەکانی خوازە

لە ڕاستیدا، هونەری خوازە لەگەڵ ئەوەی یەکێکە لە هونەرەکانی زانستی ڕوونبێژی، لە هەمان کاتیشدا یەکێکە لەو هونەرە گرنگانەی، کە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە بنیاتی گەلێک وێنەی شیعری جوان.بێگومان، ئەوەش پێویستی بە وردبینی و سەلیقە و توانای شاعیران هەیە، کە بتوانن بەشێوەیەکی جوان و سەردەمیانە سوودی لێوەربگرن و بەکاریبهێنن.لەو چوارچێوەیەشدا ڕەخنەگران پێیان وایە ئەم هونەرە ڕوونبێژیە دەکرێ بە (٢)جۆرەوە، کە بریتین لە :-

١- خوازەی ژیری

٢-خوازەی زمانی

هەریەکەشیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە و لەگەڵ یەکتریدا جیاوازن.

١- خوازەی ژیری: ئەو جۆرە خوازەیەیە.کە تێیدا کارێک، یان فەرمانێک دەداتە پاڵ کەسێک ، یان شتێک، کە بکەری ڕاستەقینەی ئەو کارە نییە.واتە هەست بە بوونی پەیوەندییەک دەکرێت،یان بوونی نیشانەیەک،کە ڕێگا لە ڕاستی دانەپاڵەکە دەگرێت.بە واتایەکی تر خوازەی ژیری((بریتییە لەوە، کە شتێک بدەیتە پاڵ شتێکی تر،کە لە ڕاستیدا هەق نەبێ بدرێتە ئەو))(گەردی،١٩٧٢، ٨٦)،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا،ئەم جۆرە خوازەیە(لەسەر بنچینەی ئەقڵ و ژیری دروست دەبێت .... چونکە ژیرییە.کە ئەم فەرمانە ئەدا))(حەوێزی،٢٠٠٩، ١٥٧)٠

لە ڕاستیدا بۆ دروست بوونی ئەم جۆرە خوازەیە،کۆمەڵێک پەیوەندی زۆر هەیە،لەوانە وەکو: ((دانەپاڵ هۆ، دانەپاڵ کات،دانەپاڵ شوێن))(گەردی، ١٩٧٢، ٨٦-٨٧)

لەو ڕووەشـــەوە، بە هەڵدانەوەی ئەلبومە شـیعریەکەی (دڵدار) هەندێک نمونەی خوازەی ژێریمان بەرچاودەکەوێت، بۆ نمونە ئەوەتا شاعیر لە دەقی (ئەی کورد)ەکەیدا دەڵێت:-

زەمان ئێمە بە شیشی غەم لەسەر ئاور ئەبرژێنێ

سەری سورما لە جەهلی تۆ هەتاکەی هەر نەبرژاوی(علاء الدین ،١٩٨٥، ١٩١)

شـاعیر لەو دێڕە شـیعرەیدا وشـەی (زەمان)ی بەکارهێناوە وەکو کەسـێک بەرجەسـتەی کردووە،کە (زەمان) غەم و پەژارە دەداتە مرۆڤ و وەکو ئاگر ئەیسـووتێنێ،بەوەش جۆری (خوازەی دانەپاڵ کات)ی دروسـت کردووە، کە بریتییە لەوەی (لە کاتێکدا، ئیش بکرێ و لە جیاتی ئەوەی ئیشـــەکە بدەیتە پاڵ بکەری خۆی،بچی بیدەیتە پاڵ ئەوکاتەوە، کە ئیشـــەکەی تیاکراوە)) (گەردی، ١٩٧٢،٨٧) واتە شـــاعیر کاتی هێناوە لە جیاتی ئەوەی ســـیفەتەکە بداتە پاڵ خەڵکی، داوییەتیە پاڵ کاتەکە.

یان لە دەقی شیعری (کانی)ەکەشیدا بەهەمان شێوە لە دێڕە شیعرێکیدا دەڵێت:-

با ڕەواندز جا لەمەولا قوڕ بپێون سەربەسەر

کانێکی دوڕگەوهەر وا لەنێوی چویتە دەر (علاءالدین،١٩٨٥، ٢٠٨)

(دڵدار) لەو دێڕە شـــیعرەیدا، کە دەڵێت (با ڕەواندز جا لەمەولا قوڕ بپێوێت)، لە ڕاســـتیدا مەبەســـتی ئەوەیە، کە خەڵکی قوڕ بپێوێت،نەک (ڕەواندز).بێگومان،بەوەش (خوازەی دانەپاڵ شوێن)ی بنیات ناوە،کە بریتییە لەوەی(کە ناوی شوێنێ ببەیت و مەبەستت ئەو شتە بێت،کە لە شـوێنەکەدایە) (گەردی،١٩٧٢، ٨٧) واتە وشـەی (ڕەواندز) خوازەکەیە و شاعیر بۆ مەبەستی گەیاندنی واتایەکی تر بەکاری هێناوە.

٢-خوازەی زمانی:- ئەوجۆرە خوازەیە،کە تیایدا زەمان دەبێتە بنەمای دروسـتبوونی،بە شـێوەیەک کە تێیدا وشـە بۆ واتا ڕاستەقینەکەی خۆی بەکارنایەت، ئەوەش بەهۆی بوونی ((پەیوەندییەکەوە لەگەڵ نیشـانەیەک ڕێگرە،کە بە واتای دروســـتی خۆی بێـت، بەڵکو پەیوەنـدی لەنێوان واتـای دروســـتی و خوازەیـدا لەوانـایە لێکچوون بێـت، یـان لەیەک نەچوون))(جـارم، امین،١٣٧٤، ٧١) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت، کە ئەم جۆرە خوازەیە لەســـەر بنەمـای چۆنیەتی ئەو پەیوەندییەی دەکەوێتە نێوان واتای دروست و واتای خوازەیی دوو جۆر خوازەی زمانی لێک جیادەکاتەوە،((جۆرێکیان پەیوەنـدی نێوان واتـا دروســـت و خوازراوەکە لێکچوانـدنە،جۆرەکەی تریـان لێکچوانـدن نییە و پەیوەنـدی ترە))٠(حەوێزی،٢٠٠٩، ١٥٨)

هەروەها ئەم جۆرە خوازەیە ((بە هیچ پەیوەندییەک نەبەســـتراوە و ئەو پەیوەندیانەی،کە دوو شـــتەکە ئەگەیەننە یەکتر ئەوەندە زۆرن ناژمێردرێن )) (گەردی،١٩٧٢، ٨٣)لەوانەش وەکو پەیوەندی (چاوگی، هاماوی، پاژەیی، شـــوێنی، هۆیەتی، بەهۆیی، پەیوەستی و پەیوەستراوی،خاوەنێتی، هەبوونی،...)٠نموونەی ئەمەش وەکو (دڵدار)لە دەقی شیعری (دڵ)ەکەیدا دەڵێت:-

بەحری عومانی سروشکم وا بەدەم گریانەوە

پڕ لەدانەی گەوهەرە هەم لە علی وێنەی سوورەتە (علاءالدین،١٩٨٥، ١٨٠)

(دڵدار)ی شاعیر دەیەوێت ئەو فرمێسکانەی،کە دەیڕێژێت بە بەردەوامی،بە دەریای عومانی چواندووە.واتە لەنێوان بەحری عومان و فرمێسـکەکانیدا پەیوەندیەکی شـوێنی بنیات ناوە،کە تێیدا ناوی شـوێنێک ببرێت و مەبەسـتیش ئەو شتە بێت،کە لەو شوێنەدایە.

**خواستن**

شـاعیر لە دەقی (ئەی بای شـەماڵ)ەکەیدا وێنەیەکی هونەری خواسـتنی ئاشـکرای بنیات ناوە،کە تیایدا بنەرەتی (لەوچوو)بەکارهاتووە هەروەکو دەڵێت:-

فریشتە ئاسا ساتێ هەزار جار

خۆی نیشان ئەدا خۆی ئەدا حەشار (علاءالدین، ١٩٨٥، ٢٠١)

(دڵدار) لەو دێڕە شـیعرەیدا وشـەی (فریشـتە)ی بەکارهێناوە، کە خواسـتنەکەیە و مەبەسـت لێی یارەکەیەتی.واتە وشـەی (فریشـتە)لێخواسـتراوە، کە پاکی و جوانی و بێگەردی یارەکەی بە (فریشـتە)چواندووە و بۆ خواسـتراویش،کە یارەکەیەتی باس نەکراوە.

درکە: جۆرێکی تری ڕەوانبێژییە لە نێو زانستی ڕوونبێژیدا و مەبەست لێی ئەوەیە،کە ((ڕاستەوڕاست ناوی شتێک نەبەی،بەڵکو بچی ناوی شتێکی تر ببەی، کە پەیوەندی بەمانای یەکەمەوە هەبێت. (گەردی،١٩٧٢، ٨٨)

بەوەش هونەری درکە دەبێتە ((پردێک بۆ پەڕینەوە بۆ واتایەکی تر و ئەو گواسـتنەوەیە درکە پێک دەهێنێت،بەڵام بەو مەرجەی دەشێت هەریەکە لەواتای دووەم،یان واتای یەکەم مەبەست بێت)) (حەوێزی،٢٠٠٩، ٢٣٦-٢٣٧)

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە بنیاتی ئەم جۆرە هونەرەدا دوو واتا بەشـــداری دەکەن،یەکێکیان نزیک،کە شتە درک پێکراوەکە دەگرێتەوە،ئەوی تریشیان دوور،کە قسەکەر مەبەستێتی و شتە درک بۆکراوەکە دەگرێتەوە.

بنەڕەتەکانی درکە :- بەشێوەیەکی گشتی درکە(٣)بنەڕەتی هەیە ، کە بریتین لە :-

١- درک پێکراو: بریتیە لە واتای دروست،کە زاراوەکە بۆی بەکارهاتووە لەمەوە دەگوازرێتەوە بۆ پەیوەستەکەی.

٢- درک بۆکراو: بریتیە لە پەیوەستی درک پێراوەکە .

٣- نیشـــانە:بۆ بوونی واتا درکەییەکە،کە دەبێتە هۆیەک بۆ بەرگری کردن لە بوونی واتا درکەییەکە))(حەوێزی،٢٠٠٩، ٢٣٩)

جۆرەکـانی درکە: هونەری درکە بەپێی بوونی لەنێو زانســـتی ڕوونبێژیـدا،خۆی لە دووتوێی (٣)جۆری جیـاوازدا دەبینێتەوە،کە بریتین لە:

١- درکە لە ســـیفەتی شـــت:ئەو جۆرە درکەیە دەگەیەنێت، کە تێیدا زیرەکی شـــاعیر دەردەکەوێ لە گەیاندنی ئەو شتەی مەبەستێتی لە ڕێگە شیعرەکەیەوە. بۆنمونە (دڵدار) لە دەقی شیعری (ماڵی وێرانی)ەکەیدا دەڵێت:

کە هاتم زگم کەوتە سەر زەوی

توتنم چاند و ڕەنجی شانم دا (علاءالدین،١٩٨٥، ٢٢٣)

شـــاعیر لەم دێڕە هۆنراوەیەیدا بە وردی باس لە هەوڵ و ماندووبوونی جووتیار و زەحمەتکێش دەکات،کە بەهۆی ئیش و کاری زۆرەوە و دانیشـتنی لەسـەر زەوی بەحوکمی جۆری کارەکە بڕسـتی لێبڕاوە،ئەمەش درکەیە لە سـیفەتی ماندووبوون و کۆشش کردنی زۆر.

٢- درکە لە خودی شتەکە: ((ئەوەش وا ئەبێ،کە خاسە وێژێک، یان پتر بێنیت،کە هەموویان پێکەوە بە تێکڕایی هەر خودی شـــتەکە بـدرکێنن و بەس))(گەردی،١٩٧٢، ٩١)نموونەی ئەمەش هەروەکو (دڵـدار) لە دەقی شـــیعری (ئەی خودایە)کەیدا دەڵێت:

ڕائەمێنی ڕەنجەڕۆ و دەست لە ئەژنۆ قوڕ بەسەر

ڕاستە شاهی بێ شەریک باکی گەدایانی نیە (علاءالدین،١٩٨٥، ١٨٤)

شاعیر لەو دێرە شیعرەیدا بەهۆی بەکارهێنانی دەستەواژەی (شاهی بێ شەریک)ەوە، کە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهاو بێ هاوبەشیە، درکەیە لە خودی (الله)،چونکە هەر خودایە خاوەنی ئەو تواناو سیفەتە بەرزانەیە.

٣- درکە لە هاوگری: جۆرێکی ترە لە هونەری درکە و((ئەمەش وا ئەبێت،کە سیفەتێک،یان کۆمەڵە سیفەتێک بدەیتە کەسێکەوە،یا شتێکەوە،بەڵام وا نەبێ ڕاستەوخۆ ناوی کەسەکە،یا شتەکە بێنی،کە سیفەتەکانی ئەدەیتێ،بەڵکو هەموو سیفەتەکان ئەدەیتە پاڵ شتێک،کە ئەو شتە تایبەتی بێ بەکابراوە،کە سیفەتەکان لەو شتەدا هەبوون مانای وایە لە کابراشدا هەن))(گەردی،١٩٧٢، ٩٣)نموونەی ئەمەش هەروەکو (دڵدار)لە دەقی شیعری (ڕۆڵەی تازە)کەیدا دەڵێت:

پێویستی مە زانینە

زانین بناغەی ژینە

گەر گەلێ بێ زانین بێ

گەر زیندووش بن مردینە (علاءالدین، ١٩٨٥، ١٩٩)

وەک دەبینین،شاعیر لەو دەقە شیعرییەیدا،دەیەوێت بڵێت،کە مەرجی مانەوەو بەردەوامی هەموو گەل و نەتەوەیەک زانست و خوێندەوارییە،بۆیە ئەو سیفەتی زانست و خوێندەوارییە دەدات بەهەموو گەلێک،چونکە گەلی زیندوو ئەوەیە زانا و خوێندەواربن، بەڵام ئەگەر نەزان و نەخوێندەوار بن، ئەوا ئەو گەلە وەکو نەبن وایە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## ئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- بە درێژایی مێژووی سەرهەڵدانی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە و بوونی ئەو ڕۆڵ و ئەرکە گرنگەی هەیانبووە لە بنیاتی دەقی ئەدەبیدا بە تایبەتیش شیعر،بەردەوام سەرنجی شاعیران و نووسەرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە تا بتوانن بەهۆیەوە شیعری جوان و ناسک و پڕواتا پێشکەش بە خوێنەران و گوێگران بکەن.

- شیعری کوردیش هاوشێوەی شیعری گەلانی دەوروبەر بێبەش نییە لە بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی ، هەربۆیە ئەوەش وایکردووە شاعیران بۆ بنیاتی وێنەی شیعری جوان و سەرنجڕاکێش پشت ببەستن بە هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە.

- (دڵدار)ی شاعیر،هونەرمەندانەوە و سەرکەوتووانە توانیویەتی سوود لە هەر(٣)زانستەکەی ڕەوانبێژی (ڕوونبێژی،جوانکاری،واتاناسی)وەربگرێت و بنەمای دەقە شیعرییەکانی پێ بنیات بنێ و کۆمەڵێک وێنەی شیعریی جوانیش پێشکەش بە خوێنەر و وەرگری کورد بکات، هەربۆیە لێکدانەوە و شیکردنەوەی شیعرەکانی (دڵدار)لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو هونەرانەوە و ڕەنگدانەوەی لە دەقە شیعرییەکاندا تێگەیشتن و چێژی شیعری بەخشیوە بە شیعرەکانی و جوانترین و ناسکترین و پڕواتایی ترین وێنەی شیعری لە ڕێی ئەو هونەرانەوە بنیات ناوە، بە تایبەتیش هونەری(جوانکاری)،ئەوەش بەو پێیەی جوانکاری بەرجەستە بووێکی هەستی جوانییەکانی ڕوونبێژی و واتاناسییەوە،بۆیە هێندەی هەردوو بەشەکانی دیکە درێژە و گرنگی پێدراوە.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## سەرچاوەکان

سەرچاوەی کوردی :

٠١ ئەرستۆ، هونەری شیعر،و٠عەزیز گەردی، چاپخانەی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٤

٠٢ ئیدریس عبدوڵا موستەفا (د)، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا،دەزگای سەردەم، سلێمانی ، ٢٠٠٣

٠٣ ئیدریس عبدوڵا موستەفا (د)، شێواز و شێواز گەری ، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠

٠٤ ئیدریس عبدوڵا مســـتەفا (د)، لایەنە ڕەوانبێژیەکان لە شـــیعری کلاســـیکی کوردیدا،چاپخانەی جاجی هاشـــم، هەلێر،٢٠١١

٠٥ دەریا جەمال حەوێزی، وێنەی ڕوونبێژی لە کۆمەڵە شـــیعری ( شـــەهید بەتەنیا پیاســـە دەکات)ی قوبادی جەلیل زادە،چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠٠٩

٦. دنیا شهاب علی، هونەری ڕوونبێژی لە شیعرەکانی بێخود دا، ماستەر نامە، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر، ٢٠١٠

٧ . دیوانی دڵدار، لەسەر ئەرکی چاپخانەی کوردستان چاپکراوە، چ٢، چاپخانەی کوردستان، ١٩٧١

٨. دیوانی نالی ، ئامادەکردنی مەلا عبدلکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، چ٣ ، انتشارات صلاح الدین،اورمیة، ١٣٦٨

٩. شێخ محمدی خاڵ ، پەندی پێشینان، چاپخانەی مەعارف ، بەغداد، ١٩٥٧

١٠. علاءالدین سجادی، خۆشخوانی ، پ١، چ١،چاپخانەی (زانکۆی سەڵاحەدین)، هەولێر، ١٩٨٦

١١. عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، ب١، چاپخانەی(دار الجاحظ)، بەغدا، ١٩٧٢

٠١٢ عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، ب ٢، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٥

٠١٣ عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، ب٣، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی، ١٩٧٩

٠١٤ عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگای مامۆســـتایان ، چ١ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٢

٠١٥ عبدالواحید موشیر دزەیی (د)، پراگماتیکی دەق و گوتار، ناوەندی ئاوێر،هەولێر،٢٠١٤

٠١٦ عبدالخالق سلێمان عبدالرحمن، زانستی ڕەوانبێژی، چاپخانە(نییە)، سلێمانی، ١٩٩٩

٠١٧ عبدالخالق علاءالدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، چاپخانەی(دار آفاق عربية) ، بەغداد ، ١٩٨٥

٠١٨ عبدالســلام نەجمەدین عەبدوڵا، شـیکردنەوەی دقی شـیعری لە ڕووی زمانەوانیەوە، چاپخانەی حاجی هاشـم ، هەولێر، ٢٠٠٨

٠١٩ عبدالقادر محمد امین ، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسی کوردیدا، دەزگای سەردەم، سلێمانی ، ٢٠٠٢

سەرچاوەی عەرەبی :

٠٢٠ ابن عبدالله احمد شعیب، مباحث فی علوم البلاغة، ط١، دار ابن حزم، بیروت، ٢٠٠٨

٠٢١علی حازم و مصطفی امین، البلاغة الواضحة ، چ٢، مکتبة سعید الشهداء، قم ١٣٧٤